دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات

# دواڕۆژ

٢٠٢٦/٢/٥- ١٦ی ڕێبەندانی١٤٠٤ی هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ١٤٣

dwaroj.net

٢ی ڕێبەندان؛ مانیفێستی دیپلۆماسیی کورد لە گەمەی زلهێزەکاندا



بێگەرد سوزەنی ٣

سیاسەتی دەستبەسەرداگرتنی ناڕەزاییەکان و کایە لەگەڵ ناو، درووشم و شۆڕش



ئارەزوو کەمانگەر ٩

## کورد لە بەردەم گەردەلوولی گۆڕانکارییەکاندا؛ یەکگرتن یان توانەوە؟

محەمەد حەکیمی

جیهان و بەتایبەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕووبەڕووی قۆناغێکی نوێ و هەستیار لە ئاڵوگۆڕی ستراتیژی بووەتەوە. کاتێک نەتانیاهۆ نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پیشانی جیهان دا، ئاماژەیەکی ڕوون بوو بۆ ئەوەی ناوچەکە بەرەو شەڕ و ململانێیەکی گەورە هەنگاو دەنێت.

لەم هاوکێشە نوێیەدا، چین وەک ڕکابەرێکی سەرسەختی ئەمریکا و ئیدارەی ترامپ دەرکەوتووە، ئەمەش هاوسەنگیی هێزی لەسەر ئاستی جیهان گۆڕیوە. ترامپ وەک بازرگانێکی زیرەک، هەوڵ دەدات هەموو ڕێگاکانی گەیشتنی وزە (نەوت و گاز) بە چین دابخات؛ بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا لە ڤەنزوێلاوە دەستی پێکرد و کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی وزەی ئەو وڵاتەی کرد. ئێستاش هەمان ئەو سیاسەتەی بەرامبەر بە «مادۆرۆ» پەیڕەو کرد، دەیەوێت لە ڕێگەی گەمارۆی دەریاییەوە بەرامبەر ئێرانیش جێبەجێی بکات و ڕێگری لە پاپۆڕە بارهەڵگرەکانی نەوت بگرێت.

ئەم گۆڕانکارییانە گەمە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕن؛ ئەمریکاش بۆ سەرخستنی ئەم پلانە، ناچارە باج بە وڵاتانی ناوچەکە (وەک تورکیە، عەرەبستان و عومان) بدات. لەم نێوەندەدا، یەکەم قوربانیی ئەم ساتوسەودایە «ڕۆژئاوای کوردستان» بوو، کاتێک ترامپ چرای سەوزی بۆ «جۆلانی» و هێزە ڕەشەکەی هەڵکرد تا هێرش بکەنە سەر خاکی کوردستان، ئەمەش وایکرد ئەو هێزە هێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر خاکی کوردستان دەست پێ بکەن و دەیان تاوان لە کوردستان بخولقێنن.

ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناو جەرگەی دۆخێکی زۆر تایبەتمەنددایین. کوردستان دوای دابەشبوونی بەسەر چوار دەوڵەتدا، کرایە کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی و ئەو دەوڵەتانەش هەمیشە لە ڕوانگەیەکی ئەمنی و سەربازییەوە مامەڵەیان لەگەڵ پرسی کورددا کردووە:

لە باکووری کوردستان: تورکیە بەردەوامە لە نکۆڵیکردن لە بوون، کولتوور و ناسنامەی نەتەوەییمان.

لە ڕۆژئاوای کوردستان: ڕێگری لە هەر دانپێدانانێکی فەرمی دەکرێت و هێشتا سەدان هەزار کورد بێ ناسنامە ماونەتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان: ڕژێمی ئیسلامیی ئێران بە هەموو شێوەیەک هەوڵی تواندنەوەی کورد دەدات و دەیەوێت لە ڕێگەی گۆڕینی دیمۆگرافیا و هێنانی خەڵکی بیانی، جوگرافیای کوردستان بشێوێنێت و ناوچەکەی کردووەتە زیندانێکی گەورە.

لە باشووری کوردستان: مێژوویەکمان لەگەڵ ئەنفال و کیمیاباران هەیە و لە ١٦ی ئۆکتۆبەریشدا بینیمان چۆن بە هاوکاریی تورکیە و ئێران و پشتگیریی هەندێک وڵاتی عەرەبی، کەرکووکیان داگیر کردەوە. لە ئێستاشدا، هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی تورکیە و

...بۆ ل ٢

# ٨٠ ساڵ دوای کۆماری کوردستان....



کۆماری کوردستان خاوەنی ئەزموونێکی پڕ دەسکەوتە. ئەزموونێک تا هەنوکەش کاریگەرییەکانی بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لە هەموو بەشەکانی دا دارو بەرچاوە. دوای تێپەڕ بوونی ٨٠ساڵ لەو ڕووداوە گرنگە مافی چارەی خۆ نووسین و سەروەری بەسەر خاکی خۆدا لە هەمیشە زیاتر گرینگیی خۆی پیداکردووە و کۆماری کوردستان وەکوو سیمبۆلی ئەو سەروەرییە لەبەرزی خۆیدا دەدرەوشێتەوە.

بێگومان کۆماری کوردستان بێ کەموکۆڕی نەبووە و دەکرێ و دەبێ ڕوو لە داهاتوو و ڕەخنەگرانە لێی بڕوانین بەڵام ئەزموونێکی جێی شانازی و لێفێربوونە و خاڵی کۆکەرەوەی هەموو ڕزگاریخوازانی کوردستانە.

ئەمڕۆش وەکوو ئەو سەردەمە پێویستە بزووتنەوەی کوردستان بە ناوەڕۆکێکی مودێرن و مافخوازانە لە ئاستێکی گشتگیر و بە پانتایی هەموو کوردستان هەوڵ بۆ ڕزگاری لە داگیرکاری و ستەم و چەوسانەوە بدات.

٢ی ڕێبەندان لە مێژووی خەبات و بەرخۆدانی کورداندا، ڕۆژێکی مێژووییە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەگشتی لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان.

...بۆ ل ٢

# کۆمەڵە ئاڵا هەڵگری شۆڕشی بێبەشان ....!

زیاتر لە نیو سەدە لە مەوبەر یەکەمین تووەکانی لایەنێکی نوێ لە کوردستان دادەمەزرێ. پاش ماوەیەکی کورت بە ناوی کۆمەڵە چالاکیی دەسپێدەکات و تا هەنوکە ڕێگایەکی پڕ هەوراز و نشێو دەبڕێ. ڕێکخراوی تازە زۆر زوو خۆی دەگەینێتە لووتکەی ڕێبەرایەتیی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

کاری ڕێکخستن و ڕێبەریی کردنی خەباتی بەربڵاوی خەڵک، کاری بەردەوام و لێبڕاوانە لە نێو دڵی کۆمەڵگە، خۆڕاگریی سەربەرزانە لە بەندیخانەکاندا، ڕێکخستن و ڕێبەرایەتیی بەرگریی مێژوویی و گەورەی بزووتنەوەی کوردستان و جێگرتن لە پێشەوەی سەنگەری پێشمەرگانە،ئەو بەرپرسیارەتییانەن کە هەر لەسەرەتاوە دەکەونە سەر شانی کۆمەڵەی تازەکار.

کۆمەڵە لە بارودۆخێکی گونجاودا بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەرەوە کێشرایە گۆڕەپانی کێشمەکێش و سەرهەڵدانی سیاسی و جەماوەریی بەرین و خێرا لە بەرانبەر ئەزموویکی دژوار و پڕ



لە چاوەڕوانیی خۆی بینییەوە کە کەمتەرخەمبوون لێی ڕێگەپێدراو نەبوو. کۆمەڵە هاوکات کە لە شەڕدا بوو ڕێگای خۆی دەپێوا.

هاوکات لە گەڵ ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای کۆمەڵە،بەرەیەک لە تێکۆشەرانی بەئەزموونی چەپ لە سەرتاسەری شار و گوندەکانی کوردستان لە دەوری یەکدا کۆبوونەوە و لە ماوەی چەند مانگێکدا لە نێوان جموجۆڵ و ورووژانی جەماوەریدا بە بوونێکی کاریگەر،ماندوونەناسانە و پتەو خۆیان سەلماند کە تا ئێستەش ئاسەوارەکانی لە بزووتنەوەی کوردستان و جێخستنی تێکۆشانی جەماوەری و خۆڕاگرانەی کوردستان بە تەواوەتی بەرچاون.دامەزراندنی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان لە سەرتاسەری کوردستان، ڕێکخستنی جەماوەری لە نەورۆزی خوێناوی سنە لە بەهاری ٥٨ و یەکەمین هێرش و لەشکرکێشیی سەربازیی ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو،گێڕانی دەوری سەرەکی لە ڕوونکردنەوەی خەڵک بەدژی بەناو ڕێفراندۆمی □□ی خاکەلێوەی ٥٨،وەستانەوەی پتەو لە بەرانبەر هەیئەتی دەوڵەتی تازەی ڕژیم کە پاش بایکۆتی ڕێفراندۆمی نمایشی هاتبوونە شاری سنە و بەرگریی ڕوون و مێژوویی و بەرپرسیارانەی هاوڕێ سدیق کەمانگەر، لە ڕێبەرانی تێکۆشەری سیاسی و یەکێک لە کادرەکانی ڕێبەریی کۆمەڵە لە بەرحەقبوونی بزووتنەوەی کوردستان،ڕێکخستنی یەکە کرێکارییەکان، جووتیاران و ڕێکخراوەکانی ژنان،ڕەوانەکردنی سەدان کادری بە ئەزموونی خۆبەخش بۆ گوندەکانی کوردستان بۆ ئاوەدانکردنەوە بە کەمترین کەرەستەوە،ئامادەبوون لە مەیدانەکانی کرێکاری و ....

...بۆ ل ٥

## دریژەی سەروتار

داعش بۆ سەر عەفرین، هێزەکانی جۆلانی هەوڵی داگیرکردنی کۆبانی و شارەکانی دیکەی ڕۆژئاوا دەدەن بۆ سڕینەوەی شوناس و کولتووری کوردی. بێدەنگیی ئەمریکا بەرامبەر ئەم کوشتار و داگیرکارییە، ئەو ڕاستییەی سەلماند کە چیتر کورد بۆ ئەمریکا ئەولەوییەت نییە و وەک هەمیشە «کورد تەنیا شاخەکان دۆستین». لێرەدا ڕێککەوتنێکی قێزەونی نوێ لە نێوان ئەمریکا، تورکیە و ئیسرائیلدا دەردەکەوێت کە مەترسییە بۆ سەر هەر چوار پارچەی کوردستان. مێژوو پێمان دەڵێت هاوپەیمانی لەگەڵ زلهێزەکان تەنیا کاتییە و ئەوان هەرگیز بەرژەوەندیی خۆیان و هاوپەیمانێکی وەک تورکیە ناکەنە قوربانیی کورد. تەنیا ڕێگەی دەربازبوون لە ئەم قەیرانە، یەکگرتوویی نەتەوەییە؛ وەک چۆن لە ڕۆژانی ڕابردوودا بینیمان بەرخودانی ڕۆژئاوا هەموو کوردانی بۆ گیانبازی لە پێناو خاک و نیشتمان کۆکردەوە، ئەو هەڵوێستەی گەل لە ماوەی چەند ڕۆژدا بۆ ڕۆژئاوا نیشانی دا، عەرەب نەیانتوانی لە ماوەی دوو ساڵدا بۆ غەزەی بکەن.

لەلایەکی دیکەوە، ئێران بەهۆی گەمارۆ ئابوورییەکانەوە بەرەو داڕمان دەچێت. ناڕەزایەتیی بازاڕی تاران و پەرەسەندنی خۆپیشاندانەکان، ڕژێمی تووشی ترس کردووە. لە بەرامبەردا، ڕژێم پەنای بۆ کۆمەڵکوژی برد و بە پچڕاندنی ئینتەرنێت، لە ماوەی دوو ڕۆژدا دەیان هەزار کەسی کردە قوربانیی سیاسەتەکانی خامنەیی. لە کرماشان و ئیلام سەدان گەنج کوژران و هەزاران کەس ڕەوانەی سیاچاڵەکان کران. مانگرتنی سەرتاسەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە دەنگی حیزبەکان و بەشداریی هەموو چینەکان (تەنانەت دوکانە گچکەکان) بەڕێوەچوو، ڕژێمی تووشی شۆک کرد و وای لێکرد دەست بکات بە ڕەشبگیریی سەدان کەسی بێتاوان، بەڵام ئەوە ورەی خەڵکی دانەبەزاندووە و نەتەوەکەمان لەو بەشەی نیشتمان لە سەر هێڵن بۆ ڕاپەڕین دژی داگیرکەر.

کوردستان بە گشتی تووشی کێشە و گرفتی زۆرە و دەبێ کورد زۆر بە وریاییەوە لەم قۆناغەدا هەڵسوکەوت بکات. ڕۆژئاوا لە ژێر هەڕەشەی جۆلانی و داعشدایە. باکوور بەدەست سیاسەتە بێ ئەنجامەکانی ئەردۆغان دەناڵێنێت؛ ئەو پرۆسەی ئاشتییەی باسی دەکات تەنها مانۆڕێکە بەهۆی ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکانی ناوچەکە و هەر لە سەرەتاوە شکستی خواردووە. لە باشوور دەوڵەتی ناوەند بە بیانووی جۆراوجۆر و بڕینی مووچە (کە ساڵی ڕابردوو لانیکەم دوو مووچە نەدراوە) ئازاری نەتەوەکەمان دەدات.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، کە بووەتە زیندان، ڕژێم خەریکە بە چوار دەوری نیشتماندا دیوار دەکێشێت و بە هەزاران گەنج لە زیندانەکاندان؛ هیچ کەس لەو بەشە داگیرکراوەماندا ناتوانێت بە ئاسانی هەناسە هەڵبکێشێت. هەر بۆیە، تەنها ڕێگەی ڕزگاریی کورد لەم دۆخەی ئێستادا، تەنها و تەنها یەکگرتن و خەباتێکی چڕوپڕە بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە ئامانجی باڵای سەربەخۆیی و بەدەوڵەتبوون.

# ٨٠ ساڵ دوای کۆماری کوردستان....



٢ی ڕێبەندان هەڵگری گەلێک تایبەتمەندی گرینگە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا. تەمەنی" کۆمار" لە سابڵاغی کوردان، ١١مانگ و ١١ڕۆژی خایاند، بەڵام کاریگەری درێژ ماوەی بەجێ هێشت. هەر بۆیە ئەم روداوە گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەم ڕۆژە یاد بکرێتەوە و ڕێزلێگرتن و شرۆڤە کردن لەسەری دەبێتە ئەنجدای کار. کەواتە هیچ کەس ناتوانێ خۆی لێ ببوێرێ، چ ئەوانەی مەدح و سەنای زۆری دەکەن، چ ئەوانەی ڕەخنەگرن، چ ئەوانەی مێژوو نووسن و چالاکانی سیاسی و ڕۆژنامەوانەکان و، چ ئەوانەی بە چاوێکی ترەوە چاو لەم ڕووداوە گرینگە دەکەن. بەو پێیە ئێمەش وەک حیزبێکی چەپ و سوسیالیستی ناتوانین خۆمان لەم ڕۆژە بدزینەوە و قسەی لەسەر نەکەین، ڕووداوێکی گرینگە لە کوردستان، کۆمەڵەش وەک حیزێکی چەپ وسوسیالیست، پێویستە لەو بابەتەوە روانگە و سەرنج و هەڵوێستی خۆی هەبێ و هەتا ئێستاش بوویەتی. هەر لە دووای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا ئەوە کۆمەڵە بوو وەک ڕێکخراوێکی چەپ و سوسیالیستی لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٩ لە شاری بۆکان یەکەمین ڕێورەسمی یادکردنەوەی دامەزراندنی کۆماری بەڕێوە برد. زۆر گرینگە ئێمە لە هەنگاو و جووڵەیەکی مێژووییدا بتوانین بەپێچەوانەی مێژوو نووسانی بۆرژووایی، بە پێچەوانەی دەوڵەتەکان، بە پێچەوانەی داگیرکەرەکان و، بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەی دەیانهەوێ کۆماری کوردستان لە روانگە و بە ویستی خۆیان پێناسە بکەن و بە لاڕێیدا بەرن و، سەر لە خەڵک بشێوێنن، لێکدانەوە و شرۆڤە و خوێندنەوەی خۆمانمان هەبێ و بتوانین کۆماری کوردستان بەرینە پێگەی ڕاستەقینەی خۆی و شوێنی شیاوی خۆی پێ ببەخشین. هیچ ڕووداوێکی مێژوویی کوتووپڕ و بە شەوێک و لە ناکاو ڕوونادا و بۆخۆی لە خۆیەوە نایتەدی، لە خۆڕا دروست نابێ، هۆکارگەلێکی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی کار دەکەنە سەر ئەوەیکە ئەم ڕووداوە ڕوو بدات. جاری وا هەیە ڕووداوێکی زۆر بچووک، ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی زۆر مەزنی دەبێ لەسەر ئەوەکە بابەتەکان پێکەوە گرێ بدرێن و پێکەوە ببەسترێنەوە. سی بۆ چل ساڵ پێش کۆماری کوردستان لە مەهاباد، دوو شۆڕشی گەورەی تر ڕوویان دا، کە زۆر لە کۆمار نزیک بوون، چ لەڕووی جۆغرافیاییەوە، چ لەبابەتی کات و زەمانیشەوە، کە یەکێیان شۆڕشی سوسیالیستی ئۆکتۆبری ١٩١٧ی شورەوی بوو. هەرچەند ئێستا و لێرەدا ئامانج و مەبەست شرۆڤەکردنی ئەو شۆڕشە نییە، بەڵام بۆ یەکەمین جار لە پاش شۆڕشی سوسیالیستی ئۆکتۆبر بوو کە ڕیزبەندییەکی جیهانی لەنێوان خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و بەشمەینەتی گەلانی زوڵم لێکراو لە لایەکەوە و، دەسەڵاتداران و سەرمایەداران و بۆرژووازی، ئاغاو دەرەبەگەکان لە لایەکیترەوە ساز بوو. لە راستیدا شۆڕشی سوسیالیستی ئۆکتۆبر ئەم ریزبەندییەی کردە ریزبەندییەکی جیهانی، بە جۆرێک کە لە دوورترین شوێنی ئەم گۆی زەوییە،کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بوو بە دوو بەش، بەشێکی کەوتە ژێر کاریگەری شۆڕشی سووسیالیستی ئۆکتۆبر و، بەشێکی دیکەی تووڕەو نیگەران بوون لەوەی زەنگی هوشیار بوونەوەی گەلان لێدراوەو دەستی پێ کردووە .لە ڕاستیشدا هەر وا بوو، لە مێژووی کۆنەوە، لە هەزاران ساڵ پێش ئەو رێکەوتە، شۆڕشی دژی کۆیلەداران، شۆڕشی ڕەعیەتەکان و شۆڕشێکی دیکەی گەورە لە ئەورووپای ناوەڕاست لە ساڵی ١٨٤٨ و، گەلێک شۆڕشی گەورەی دیکە لە ئورووپا ڕووی دا بوو، بەڵام شۆڕشی سوسیالیستی ئۆکتۆبر یەکەمین جار بوو کە ڕووی دا و ئەم ڕیزبەندییە جیهانییەی لێکەوتەوە. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەکە بانگی ئازادی، بانگی یەکسانی، بانگی ڕزگاری گەلان لەناوچەکە بڵاوە بێتەوە، ئەو رەوتە لەسەر ئێران و کوردستانیش کاریگەری دانا و، هەروەها دەشزانین کە هەر ئەو سەردەمە ورده ورده هاتووچۆ بۆ سۆڤییەت دەستی پێ کرد و، کرێکاران بە شەپۆل و بە بەرفراوانی ڕوویان لە باکۆ و ئازەربایجان کرد کە لە ژێر کارتێکردن و کاریگەریی شۆڕشی سوسیالیستی ئۆکتۆبر لە کاتی گەڕانەوە بۆ ئێران، لەگەڵ خۆیان فیکر و ڕامانی نوێی ئازادی و بیری یەکسانی و خولیای رزگاری و ئازادیی گەلانی ئێرانیان لەگەڵ خۆیان هێنایەوە. کۆماری کوردستان لە ناخی بارودۆخ گەلێکی وەک شۆڕشی ئۆکتۆبر،شۆڕشی مەشرووتە لە ئێران شەری یەکەم و دووهەمی جیهانی و، روخانی ئیمپراتۆری عوسمانی، دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە نێوان زلهێزەکانی جیهان و، شۆڕشە کوردستانیەکان بە گشتی، سەری هەڵدا. لە راستیدا ئەساس و بنەڕەتی ئەو دەرفەت و مەجالەی لە سابڵاغ بۆ کۆماری کوردستان ڕەخسا، بۆ ئەو بۆشاییەی دەسەڵات و حاکمییەت دەگەڕێتەوە کە لە ناوچەکەدا پێک هاتبوو. کۆمەڵەی ژێکاف ئاڵ و گۆڕی بەسەردا هاتبوو و بە نێوی حزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەناسرا و، بوونی خۆی بەو ناوە تازەیەوە ڕاگەیاندبوو. لە ژێر کاریگەری و پشتیوانیی سۆڤییەتدا، لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا و لە مەیدانی چوارچرای مهاباد کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا. هەروەها ئێرانیش لەو سەردەمەدا لەلایەن دوو وڵاتی گەورەوە داگیر کرابوو کە ئەمەش بە قازانجی کۆماری کوردستان بوو. بەمجۆرە دەتوانین بڵێین کە سەرجەمی ئەم فاکتەرانە بوونە دەرفەتێکی باش و بەستێنێکی لەبار و گونجاو بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان. ئەو سەردەمەش یانی لە ساڵانی ١٣٢٠ هەتا ١٣٣٢ ی هەتاوی بۆشاییەکی گەورەی سیاسی لە ئێران بە گشتی لە ئارادا بوو. هەر لەو قۆناغەدا حیزبە سیاسییەکان دروست دەبن و حیزبە چەپەکان وەک حیزبی توودە کە لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی دادەمەزرێ و، هەروەها لە دوای دەیەی ٢٠ دەبێتە گەورەترین و جەماوەریترین حیزبی سیاسی لە ئێراندا کە لە بزووتنەوەی ژناندا ڕەوڵێکی سەرەکی هەیە، هەروەها لە بزوتنەوەی کرێکاراندا قورسایی خۆی هەبوو، لە ناو رووناکبیران و شاعیران و نووسەران و قەڵەم بەدەستاندا قسەی یەکەمی دەکرد. دەتوانین بڵێین دەیەی ٢٠ی هەتاوی لە ئێران دەیەی وشیاری و هەستانەوە و گەشەی هزر وبیری روناکبیری و هاتنەمەیدانی ژنان و کرێکاران و گەلانی ئێران بوو، لە وەها بارودۆخێکدایە کە گەلێک بزووتنەوەی دیکە وەک جوولانەوەی میرزا کوچک خانی جەنگەڵی لە باکووری ئێران و، هەروەها گەلێک بزاڤ و جووڵانەوەی دیکە سەر هەڵئەدەن کە دەبێتە هۆکاری ئەوەیکە لە هەموو ئێراندا خەڵک لەگەڵ بزووتنەوەیەکی بەهێزی کلتووری و سیاسی و ئابووری روبەروو ببنەوە کە هەمووی ئەوانە بواری لەبار بۆ راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەرەخسێنن. هەروەها ئەو کارانەش کە کۆمار لەو ١١ مانگەدا کردی، وەک چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان، زۆر دەستکەوتی گرینگی مێژوویی و ئازادیخوازانە و ئینسانی و بەرابەریخوازنەی تێدایە بەرامبەر بە ژنان و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان و زۆر بابەتی تر. بەڵام کۆمار گەرای ئەوەی دانا کە بزووتنەوەی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازانەیە، بزووتنەوەیەکی دژی گەلانی دیکە نیە، بانگەشەی برایەتی گەلانی کردووە، هەر بۆیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە باشووریش ئەو بەرفراوان بوونەی ئائینی و ڕەگەزیە کە بوونی هەیە لە هیچ شوێنێکی جیهان نییە، بەڵام شەڕی مەزهەبی نابیندرێ، شەڕی تورک و کورد کە هۆکارەکانی شاراوە نین، شەڕ و دوژمنایەتیەکی ئەوتۆ نابینین ،پروپاگەندەی ناسیۆنالیزمی دەمارگرژانە، پروپاگەندەی دژایەتی گەلان، دژایەتی مەزهەبەکان نابینین، با دڵنیا بین کە ئەمە دەستکەوتی کۆمارە و لەوێوە سەرچاوەی گرتووە. هەر لەسەر ئەساسی ئەو بناغە تۆکمە و دەوڵەمەندەیە کە بزووتنەوەی کورد لە خۆیدا بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانەیە،

...بۆ ل١٠

# ٢ی ڕێبەندان؛ مانیفێستی دیپلۆماسیی کورد لە گەمەی زلهێزەکاندا



بێگەرد سووزەنی

٢ی ڕێبەندان تەنیا ڕێکەوتێکی ساڵنامەیی نییە، بەڵکوو خاڵی وەرچەرخانی تێفکرینی سیاسیی نەتەوەیەکە کە بڕیاری دا لە «بابەتێکی جوگرافییەوە» ببێتە «کارەکتەرێکی سیاسی». ئەگەر تا پێش ساڵی ١٩٤٦ کورد وەک بەشێک لە کێشە ناوخۆییەکانی دەوڵەت-نەتەوەکان دەبینرا، ئەوا دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، یەکەمین هەوڵی مۆدێرن بوو بۆ کێشانەوەی نەخشەی سیاسیی ناوچەکە لەسەر بنەمای «مافی چارەی خۆنووسین». ئەمڕۆ کە ئاوڕ لەو ئەزموونە دەدەینەوە، نەک وەک یادکردنەوەیەکی نۆستالژی، بەڵکو وەک خوێندنەوەی دەقێکی دیپلۆماتیک دەبێت لێی بڕوانین؛ دەقێک کە تێیدا کورد بۆ یەکەمجار بە «زمانی دەوڵەت» لەگەڵ جیهان دوا.

یەکەم: سەمای سیاسی لەنێوان جەمسەرەکاندا
کۆماری کوردستان لە سەردەمێکدا سەری هەڵدا کە جیهان خەریکی دابەشبوونی دووجەمسەری بوو. ژیریی سیاسیی پێشەوا قازی محەمەد لەوەدا بوو کە توانی تێبگات «بەرژەوەندی» جومگەی سەرەکیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. ئەو هەوڵیدا لە بۆشایی نێوان کێبڕکێی سۆڤیەت و ڕۆژئاوا، مۆدێلێکی دەسەڵاتداریی نیشان بدات کە هەم خاوەنی سوپا و دامەزراوە بێت و هەمیش زمانی گفتوگۆی هەبێت. کۆمار نیشانی دا کە کورد دەتوانێت ببێتە «لایەنی سێیەم» لە هاوکێشەکاندا. ئەمە وانەیەکی گەورەیە بۆ ئەمڕۆ؛ دیپلۆماسیی کورد نابێت تەنیا لە یەک دەرگا بدات. فرەڕەهەندی لە پەیوەندییەکان و تێگەیشتن لە هاوسەنگیی هێز (Balance of Power)، ئەو میراتەیە کە ٢ی ڕێبەندان بۆ نەوەی نوێی جێهێشتووە. ئێمە فێر بووین کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، «دۆستی هەمیشەیی» بوونی نییە، ئەوەی هەیە «بەرژەوەندیی هاوبەشە». کۆمار سەلماندی کە جوگرافیای سیاسیی کوردستان دەتوانێت هەم پردی پەیوەندی بێت و هەم سەنگەری پاراستنی ناسنامە، بە مەرجێک کارەکتەری سیاسی بزانێت چۆن لەگەڵ «ئەویتر»ی جیهانی مامەڵە دەکات.

دووەم: «ئیرادەی ناوخۆیی»؛ قەڵغانە بڕواپێکراوەکە
یەکێک لە گرفتە مێژووییەکانی جووڵانەوە سیاسییەکان، وابەستەیی ڕەهایە بە لایەنی دەرەکی. کۆماری کوردستان، هەرچەندە بەهۆی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت و گەمە نەوتییەکان تووشی پاشەکشەی سەربازی بوو، بەڵام بۆچی تا ئێستا لە ویژدانی زیندووی نەتەوەدا ماوەتەوە؟ وەڵامەکە لە «شەرعییەتی ناوخۆیی»دایە. پێشەوا تەنیا سەکۆیەکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو ڕابەرێکی ڕوحی بوو کە «هۆشیاریی نەتەوەیی» کردە بنەمای مانەوە. وانەی ڕێبەندان بۆ بزووتنەوەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە: «دیپلۆماسی بەبێ پشتێنەی جەماوەری، تەنیا واژۆیەکە لەسەر بەفر.» ئەگەر کۆمەڵگا لە ناوخۆدا یەکشگرتوو و خاوەن ناسنامەیەکی سیاسیی ڕوون نەبێت، زلهێزەکان تەنیا وەک کارتێکی کاتی بەکاری دەهێنن. مانەوەی دۆزی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، پێش ئەوەی پێویستی بە لۆبیی دەرەکی بێت، پێویستی بە پتەوکردنی ژێرخانی مەدەنی و سیاسیی ناوخۆ هەیە. ئەمڕۆ «شەقام» باوەڕپێکراوترین باڵیۆزخانەی کوردە لە جیهاندا.

سێیەم: «هێزی نەرم»؛ چەکی بێدەنگی کۆمار
کۆمار لە تەمەنە کورتەکەیدا (١١ مانگ) توانی فۆرمێک لە حکومەتداری پێشکەش بکات کە جیهان ڕێزی لێ بگرێت؛ لە چاپکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە، دانانی سروودی نەتەوەیی، تا سیستەمی پەروەردە بە زمانی دایک و بەشداریی سیاسیی ژنان. ئەمانە تەنیا هەنگاوی کارگێڕی نەبوون، بەڵکوو «کەرەستەی دیپلۆماتیک» بوون. پێشەوا تێگەیشتبوو کە بۆ ئەوەی جیهان دانت پێدا بنێت، دەبێت سەرەتا «وێنەیەکی شارستانی» لە خۆت نیشان بدەیت.

ئەمڕۆ، «هێزی نەرم» (Soft Power) لە سیاسەتدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت. وانەی ٢ی ڕێبەندان ئەوەیە کە کورد دەبێت بە زمانی جیهانی (مافی مرۆڤ، دیموکراسی، و پاراستنی مافی کەمینەکان) قسە بکات. کۆماری کوردستان یەکەمین تاقیگەی «دیموکراسیی کوردی» بوو کە تێیدا ململانێی عەشیرەتگەرایی جێگەی خۆی بۆ «سیستەمی مەدەنی» چۆڵ کرد. ئەم گۆڕانە فەرهەنگییە، قورسترین بەشی دیپلۆماسییە کە کۆمار بە سەرکەوتوویی تێپەڕی کرد.

چوارەم: پێشەوا؛ ئەندازیاری دیپلۆماسیی ئەخلاقی
لە مێژووی سیاسیدا، زۆرن ئەو ڕابەرانەی بۆ مانەوەی خۆیان نەتەوەکەیان دەکەنە قوربانی، بەڵام پێشەوا قازی مۆدێلێکی پێچەوانەی نیشاندا. ئەو «دیپلۆماسیی ئەخلاقی» داڕشت. کاتێک ئامادە نەبوو شارەکە بەجێبهێڵێت و بۆ پاراستنی خوێنی خەڵک، سێدارەی هەڵبژارد، گەورەترین پەیامی دیپلۆماتیکی نارد: «کوردستان وەک پرەنسیپ، نەک وەک مامەڵە.» ئەم هەڵوێستە بووە هۆی ئەوەی کە دوای ڕووخانی فیزیکیی کۆمار، «ڕۆحی کۆمار» لە جەستەی نەتەوەدا بڵاو ببێتەوە. ئەمە ئەو وانە مێژووییەیە کە دەڵێت: سەرکەوتنی سیاسی هەمیشە لە مانەوەی دەسەڵاتدا نییە، بەڵکوو لە چاندنی تۆوی ئیرادەدایە.

ئەنجام: ڕێبەندان؛ پردێک بەرەو ئاسۆ
کۆماری کوردستان تەنیا ئەزموونێکی شکستخواردووی سەربازی نەبوو، بەڵکوو سەرکەوتنێکی گەورەی مەعریفی و سیاسی بوو. ٢ی ڕێبەندان فێری کردین کە مێژوو، بەزەیی بە لاوازەکاندا نایەتەوە، بەڵکوو ڕێز لەو لایەنە دەگرێت کە دەزانێت چۆن یاری بکات و چۆن لە کاتی گۆڕانی هاوکێشەکاندا، ناسنامەی خۆی بپارێزێت. بۆ ئەوەی مێژوو دووبارە نەبێتەوە، پێویستە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سێ خاڵ وەک ستراتیژی نیشتمانی پەیڕەو بکرێت:

١. یەکخستنی گوتاری سیاسی: تا جیهان بە یەک دەنگ و یەک پەیامی ڕوون گوێی لە داواکارییەکانمان بێت.
٢. بونیادنانی هێزی جەماوەری: وەک تاکە گەرەنتی بۆ ئەوەی لە کاتی ڕێککەوتنی نێوان زلهێزەکان و دەوڵەتانی ناوچەکەدا، کورد نەبێتە قوربانیی سەر مێزی گفتوگۆکان.
٣. دیپلۆماسیی چالاک و سەردەمیانە: ئامادەیی بەردەوام لە ناوەندە بڕیاربەدەستەکان و ناساندنی کورد وەک «فاکتەری سەقامگیری» و «پێشەنگی دیموکراسی» لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٢ی ڕێبەندان چرایەکە کە هێشتا ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی ڕووناک دەکاتەوە؛ نەک وەک یادەوەرییەکی سارد و سڕی ڕابردوو، بەڵکو وەک وانەیەکی زیندوو بۆ داڕشتنی داهاتوویەکی دیپلۆماتیک کە تێیدا «مافی نەتەوەیی» لەسەر هیچ مێزێکی مامەڵە، سازشی لەسەر نەکرێت. ئێمە لە ڕێبەندانەوە فێر بووین کە ئازادی تێچووی هەیە، بەڵام ژێرکەوتن لە بەرامبەر مێژوودا تێچووەکەی زۆر قورسترە.

# ٢ی ڕێبەندان؛ وەرچەرخان لە ڕەعیەتەوە بۆ شارۆمەند

دوارۆژ

مێژووی سیاسیی نەتەوەکان زۆرجار بە تاقە ڕووداوێک دەگۆڕێت کە هەموو هاوکێشە کۆنەکان هەڵدەوەشێنێتەوە. بۆ ئێمەی کورد، ٢ی ڕێبەندان تەنیا ڕۆژی ڕاگەیاندنی قەوارەیەکی سیاسی نەبوو لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراودا، بەڵکو ڕۆژی لەدایکبوونی «مرۆڤی سیاسیی کورد» بوو. لە مەیدانی چوارچرای مەهاباددا، تەنیا ئاڵایەک هەڵنەکرا، بەڵکو مانیفێستێک بۆ ژیانی مۆدێرن و شکۆمەندانە نووسرایەوە کە تا بە ئەمڕۆش، ڕێبەر و ئیلهامبەخشی هەموو بزووتنەوە تێکۆشەرەکانی کوردستانە. ئەم ڕووداوە تەنیا گۆڕانکارییەکی کاتی نەبوو لە نەخشەدا، بەڵکو بوومەلەرزەیەک بوو لە هۆشیاریی تاکی کورددا کە دیوارە ئەستوورەکانی «بێدەنگبوونی مێژوویی» ڕوخاند.

پێش ٢ی ڕێبەندان، خەباتی کورد زۆرجار لە قاڵبی ڕاپەڕینی ناوچەیی و خێڵەکیدا کورت دەبووەوە، بەڵام کۆماری کوردستان مۆدێلێکی نوێی پێشکەش کرد: «دامەزراوە». کۆمار نیشانی دا کە کورد تەنیا لە شاخەکاندا شەڕکەرێکی ئازا نییە، بەڵکو لە شارەکاندا بەڕێوەبەرێکی کارامە، دیپلۆماتێکی هۆشیار و یاساناسێکی وردبینە. کۆمار توانی لە ماوەیەکی کورتدا فەزایەک بخوڵقێنێت کە تێیدا «یاسا» لە سەرووی «فەرمانە شەخسییەکان»ەوە بێت.

ئەو دەمەی لە چاپخانەی کوردستاندا یەکەمین پیتە کوردییەکان بۆ نووسینی مێژوویەکی نوێ ڕیز دەکران، لە ڕاستیدا بناغەی دەوڵەتداریی مۆدێرن دادەنرا. وەشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و گۆڤارە جۆراوجۆرەکان، نیشانەی تێپەڕینی کورد بوو لە قۆناغی «فۆلکلۆری زارەکی» بۆ قۆناغی «میدیا و بەڵگەنامە». پێکهێنانی سوپای نەتەوایەتی و تەرخانکردنی بودجە بۆ پەروەردە بە زمانی دایکی، کوردی لە چوارچێوەی «ڕەعیەت»ی ملکەچی پاشایەتی دەرهێنا و کردیانە «شارۆمەند». ئەمە گەورەترین وەرچەرخانی سیاسی بوو؛ چونکە شارۆمەند بە پێچەوانەی ڕەعیەت، خاوەنی ئیرادەیە، پرسیار دەکات و بەشداری لە بڕیارە چارەنووسسازەکاندا دەکات.

گەورەترین دەستکەوتی فیکری و سیاسیی ٢ی ڕێبەندان، شکاندنی سنوورە دەسکردەکان و تێپەڕین بوو لە «ناوچەگەرێتی». کۆماری کوردستان تەنیا پڕۆژەیەکی لۆکاڵی نەبوو؛ ئامادەیی تێکۆشەرانی پارچەکانی تری کوردستان لە ناو جەرگەی کۆماردا، سەلماندی کە «شوناسی نەتەوایەتی» لە سەرووی هەموو ئینتیما خێڵەکی و جوگرافییەکانەوەیە. ئەم یەکگرتووییە مۆدێلێکی سیاسی پێشکەش کرد کە تێیدا بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەبێتە چەتر بۆ هەموو ڕەنگە جیاوازەکان.

کۆمار فێری کردین کە هێزی ئێمە لە «تەبایی و یەکڕیزی»دایە. ئەمە نەک هەر هەڵوێستێکی نەتەوەیی، بەڵکو خوێندنەوەیەکی سیاسیی ورد بوو بۆ دۆخی تەمومژاوی ناوچەکە. پێشەوا قازی محەمەد تێگەیشتبوو کە بێ پشتێنەیەکی نەتەوەیی و بێ دروستکردنی شوناسێکی یەکگرتوو، هەر قەوارەیەک لەبەردەم باهۆزی سیاسیی زلهێزەکاندا لەرزۆک دەبێت. هەر بۆیە، کۆمار تەنیا حکومەتێک نەبوو، بەڵکو «ماڵی گەورەی نەتەوە» بوو کە تێیدا کورد بۆ یەکەمجار هەستی بە «خۆبوون» کرد.

لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە، کۆمار لە سەردەمێکی ئێجگار ئاڵۆزدا (دوای جەنگی جیهانیی دووەم) هاتە کایەوە. ململانێی بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و کێبڕکێی زلهێزەکان لەسەر نەوت و دەسەڵات، کۆماری خستبووە ناو گەمەیەکی مەترسیدار. سەرکردایەتی کۆمار بە عەقڵییەتێکی کراوە هەوڵیدا هاوسەنگییەک لە نێوان بەرژەوەندییەکاندا دروست بکات، بەڵام خیانەتی زلهێزەکان و کشانەوەی کتوپڕی سۆڤیەت نیشانی دا کە لە جیهانی سیاسەتدا، «بەرژەوەندی» هەمیشە پێش «ماف و ئەخلاق» دەکەوێت.

ئەمە وانەیەکی سیاسیی تاڵ بەڵام هەمیشەیی بوو بۆ نەوەکانی دوای خۆی: کە دەبێت هێزی ناوخۆیی و یەکگرتوویی نیشتمانی، گەرەنتی مانەوە بێت نەک تەنیا پشت بەستن بە بەڵێنە دبلۆماسییە کاتییەکان. کۆمار فێری کردین کە دۆستایەتی وڵاتان تەنیا تا ئەو شوێنەیە کە بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بێت، بۆیە دەبێت کورد خۆی ببێتە هێزێکی حاشاهەڵنەگر لە هاوکێشەکاندا.

یەکێک لە زێڕینترین و جیاوازترین لاپەڕەکانی کۆمار، بایەخدان بوو بە پێگەی ژن و کولتوور وەک دوو کۆڵەکەی سەرەکیی شوناس. لە سەردەمێکدا کە ناوچەکە لەناو نەریتە کۆنەکاندا چەقیبوو، دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتان و بەشداریی چالاکانەی ژنان لە کایەی گشتیدا، نیشانەی ئەوە بوو کە کۆمار دەیەوێت «کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن» لەسەر بنەمای یەکسانی بونیاد بنێت.

هاوکات، گەشەی بێوێنەی ئەدەبیات و هونەر لەو یازدە مانگەدا، شۆڕشێکی سپی بوو. شاعیرانی وەک «هێمن» و «هەژار» تەنیا وشەیان بۆ جوانی سروشت نەدەنووسی، بەڵکو ئەوان خەریکی ڕشتنی ڕۆحی بەرگری و شکۆ بوون لە ناو دەمارەکانی کۆمەڵگەدا. زمان لێرەدا لە ئامرازێکی پەیوەندیی سادەوە گۆڕا بۆ «ناسنامەیەکی سیاسی» و سەنگەرێک بۆ پاراستنی مانەوەی نەتەوەیەک کە ساڵانێکی درێژ هەوڵی سڕینەوەی دەدرا.

بۆ نەوەی گەنجی ئەمڕۆ، ٢ی ڕێبەندان تەنیا یادێکی مێژوویی نییە بۆ تێپەڕاندنی کات و شانازیکردن بە ڕابردوو؛ بەڵکو ئەمە «نەخشەڕێگەی داهاتوو»ە. مێژوو بۆ ئێمە چیرۆک نییە، بەڵکو تاقیگەیەکی گەورەی سیاسییە. کۆماری کوردستان پێمان دەڵێت: ئێمە شایستەی ژیانێکی دیمۆکراتیکین و دەتوانین بەبێ دەستبەرداربوون لە ڕەسەنایەتی خۆمان، خاوەنی سیستەمی دادوەری، سوپای ڕێکخراو و پەروەردەیەکی سەردەمیانە بین.

ئەو خەونەی لە ٢ی ڕێبەندا بە جەستە نیوەچڵ کرا، لە ڕووی فیکرییەوە هەرگیز نەمرد. ئێستا ئەرکی نەوەی نوێیە کە بە «فیکرێکی سیاسیی نوێ»، بە تێگەیشتن لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانی سەدەی بیست و یەک و بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا، ئەو پڕۆژە نەتەوەییە تەواو بکەن. ٢ی ڕێبەندان وانەی ئەوەمان پێ دەدات کە «سەروەری» دیارییەکی بەخشراو نییە، بەڵکو بەرهەمی زانست، یەکڕیزی و خۆڕاگرییە.

با ئەم یادە بکەینە دەرفەتێک بۆ داڕشتنەوەی گوتارێکی سیاسیی هاوچەرخ. چوارچرا تەنیا مەیدانێکی شار نییە، بەڵکو ئەو شوێنەیە کە تێیدا کوردی «ڕەعیەت» کۆتایی پێهات و کوردی «شارۆمەند و خاوەن ئیرادە» لەدایکبوو. ئەو چرایەی لە مەهاباد داگیرسا، ئێستا لە دڵی هەموو شارۆمەندێکی کورددا دەسووتێت و ڕێگەی ئازادیمان بۆ ڕووناک دەکاتەوە.

# کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان؛ لە جەوهەری مێژووەوە بۆ ئاسۆی ڕزگاری





**سۆران محەمەدی**

کاتێک باس لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەکەین، باس لە ڕەوتێک دەکەین کە هیچ کات ئامادە نەبووە «ئازادی» لە پێناو «بەرژەوەندییە کاتییەکان»دا قوربانی بکات. ئەمڕۆ کە ٢٦ی ڕێبەندان دەبێتە وێستگەیەک بۆ تێڕامان لە داهاتوو، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان تەنیا وەک میراتگرێکی مێژوویی دەرناکەوێت، بەڵکو وەک کارەکتەرێکی زیندوو، بڕیاردەر و خاوەن مۆدێل لەناو هاوکێشە ئاڵۆزەکانی ئێران و ناوچەکەدا ئامادەیی هەیە. پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە: ئەم ڕێکخراوە چۆن دەتوانێت لە قۆناغی «دوای ژینا»دا، ڕێبەرایەتیی خەونی ڕزگاری و پاراستنی کەرامەتی نەتەوەیی بکات؟

ڕاپەڕینی مەزنی «ژن، ژیان، ئازادی» سەلماندی کە ئەو دروشم و پرەنسیپە دێرینانەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان دەیان ساڵە خەباتیان بۆ دەکات، ئێستا بوونەتە زمانی هاوبەشی هەموو ئازادیخوازان لە ناوچەکەدا. لەم قۆناغە نوێیەدا، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان ڕۆڵێکی دووفاقە و چارەنووسساز دەگێڕێت؛ لە لایەکەوە پارێزەری سەرسەخت و بێ چەندوچوونی «شوناسی نەتەوایەتیی کورد»ە و لە لایەکی ترەوە، بڕبڕەی پشتی هەر جۆرە «هاوپەیمانییەکی دیموکراسیخواز»ە کە بییەوێت بنەماکانی ستەم لە ئێراندا هەڵبوەشێنێتەوە.

ڕۆڵی کارای کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لەوەدا دەردەکەوێت کە ڕێگە نادات دەنگی ڕەوای کوردستان لەناو هاوکێشە گەورەکاندا ون بێت یان بکرێتە قوربانیی بەرژەوەندیی هێزە ناوەندییەکان. کۆمەڵە بەو تێگەیشتنە سیاسییە قووڵەی کە هەیەتی، دەزانێت کە ڕووخانی ستەم لە ناوەند، ئەگەر لەگەڵ جێگیرکردنی مافی نەتەوەکان و سڕینەوەی ژێردەستەیی نەبێت، تەنیا گۆڕینی ڕوخسارەکانە نەک سیستەمەکان.

> **ڕاپەڕینی مەزنی «ژن، ژیان، ئازادی» سەلماندی کە ئەو دروشم و پرەنسیپە دێرینانەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان دەیان ساڵە خەباتیان بۆ دەکات، ئێستا بوونەتە زمانی هاوبەشی هەموو ئازادیخوازان لە ناوچەکەدا. لەم قۆناغە نوێیەدا، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان ڕۆڵێکی دووفاقە و چارەنووسساز دەگێڕێت؛ لە لایەکەوە پارێزەری سەرسەخت و بێ چەندوچوونی «شوناسی نەتەوایەتیی کورد»ە و لە لایەکی ترەوە، بڕبڕەی پشتی هەر جۆرە «هاوپەیمانییەکی دیموکراسیخواز»ە کە بییەوێت بنەماکانی ستەم لە ئێراندا هەڵبوەشێنێتەوە.**
>
> **ڕۆڵی کارای کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لەوەدا دەردەکەوێت کە ڕێگە نادات دەنگی ڕەوای کوردستان لەناو هاوکێشە گەورەکاندا ون بێت یان بکرێتە قوربانیی بەرژەوەندیی هێزە ناوەندییەکان. کۆمەڵە بەو تێگەیشتنە سیاسییە قووڵەی کە هەیەتی، دەزانێت کە ڕووخانی ستەم لە ناوەند، ئەگەر لەگەڵ جێگیرکردنی مافی نەتەوەکان و سڕینەوەی ژێردەستەیی نەبێت، تەنیا گۆڕینی ڕوخسارەکانە نەک سیستەمەکان**

هەر بۆیە، ئامادەیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە ناو جەرگەی هاوپەیمانییە سیاسییەکاندا، گەرەنتییەکە بۆ ئەوەی کە کوردستان چیتر نەبێتەوە بە مەیدانی ڕێککەوتنە ژێربەژێرەکان و مافە مێژووییەکانی گەلی کورد وەک ئەولەوییەتی یەکەم بمێنێتەوە.

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزە تێکۆشەرەکانی، لەژێر قورسترین فشاری ئەمنی، سەربازی و دیپلۆماسی دان. لێرەدا، «ژیرێتیی سیاسی» و ئەزموونی دەوڵەمەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان وەک قەڵغانێک دەردەکەوێت. ئەم ڕێکخراوە توانیویەتی هاوسەنگییەکی ورد و زانستی لە نێوان «خەباتی پارتیزانی لە شاخ» و «دیپلۆماسیی مۆدێرن لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا» دروست بکات.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بەو پەڕی بەرپرسیارێتییەوە دەزانێت کە پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕۆژهەڵات، پێویستی بەوەیە کە «هێزی ناوخۆیی شەقام» و «پشتگیریی سیاسیی جیهانی» لە یەک خاڵدا یەکبگرن. ئاڵنگاریی گەورەی ئەمڕۆ ئەوەیە کە چۆن لەژێر هەڕەشەی بەردەوامی مووشەک و درۆنەکان و فشارە هەرێمییەکاندا، ورە و وزەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک بە زیندوویی ڕابگیرێت. لێرەدا، ڕێکخستنە تۆکمە و نهێنییەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان وەک دەماری زیندووی ئەم بزووتنەوەیە، ڕۆڵی پاراستنی ئومێد و ئاراستەکردنی ناڕەزایەتییەکان دەگێڕن بۆ ئەوەی خەباتی مەدەنی و سیاسیی کورد تووشی چەقبەستوویی نەبێت.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان هەمیشە یەکێک بووە لەو هێزە پێشەنگانەی کە «بەرژەوەندیی باڵای کوردستان»ی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی حیزبی و ڕێکخراوەییەوە داناوە. لەم ڕۆژە مێژووییەدا، پەیامی هەرە گرنگی کۆمەڵە، پەیامی «دیالۆگی نەتەوەیی» و یەکڕیزیی پۆڵایینە. بێگومان، لە دنیای مۆدێرنی سیاسەتدا، هیچ هێزێک بە تەنیا ناتوانێت باری قورسی ئەم شۆڕشە نەتەوایەتییە هەڵبگرێت.

پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕۆژهەڵات و بەرپەرچدانەوەی پیلانەکانی داگیرکەران، بەستراوەتەوە بە دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردی کە تێیدا هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان جێگەیان ببێتەوە. کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بە قووڵی تێگەیشتووە کە دوژمن تەنیا لە یەک شوێندا دەتوانێت شکست بە ئیرادەی کورد بهێنێت، ئەویش دروستکردنی «دووبەرەکی و درز لە ناوخۆ»دایە. هەر بۆیە، ستراتیژیی داهاتووی کۆمەڵە، جەختکردنەوەیە لەسەر دروستکردنی گوتارێکی هاوبەشی نەتەوەیی کە بتوانێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەک «نوێنەری ڕاستەقینە و یەکدەنگی خەڵکی ڕۆژهەڵات» مامەڵە بکات و شەرعییەتی زیاتر بۆ دۆزی کورد کۆبکاتەوە.

بۆ ئێمە و بۆ نەوەی نوێی کوردستان، ٢٦ی ڕێبەندان تەنیا لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازیی ڕابردوو نییە، بەڵکو بانگەوازێکی زیندووە بۆ بەرپرسیارێتیی داهاتوو. کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بەو مێژووە زێڕینەی کە هەیەتی، پێمان دەڵێت کە «ئاسۆی ڕزگاری» لە هەموو کاتێک نزیکترە، بەڵام ئەم گەیشتنە پێویستی بە هوشیاریی سیاسی، یەکڕیزیی نەتەوەیی و بەردەوامی لە خەبات هەیە.

هەموو ئەو دەستکەوتە مەزنانەی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەستیان پێ دەکەین – لە بزووتنەوەیەکی مەدەنیی هوشیارەوە تا هێزێکی پێشمەرگەی گیانفیدا– بەرهەمی ڕەنج و قوربانیدانی دەیان ساڵەی ڕۆڵەکانی ناو ڕیزەکانی زەحمەتکێشانن. پاراستنی ئەم میراتە و گەیاندنی بە کەناری سەرکەوتنی کۆتایی، ئەرکی ئەم نەوەیەیە کە بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕۆحی ٢٦ی ڕێبەندان، بەرەو داهاتوویەکی ئازاد، یەکسان و دیموکراسی هەنگاو دەنێت. کوردستانێک کە تێیدا «کەرامەتی مرۆڤ» بنەما بێت و «دادپەروەریی کۆمەڵایەتی» ببێتە شێوازی حوکمڕانی، ئەو ئاسۆیەیە کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەڵێنی بەدیهێنانی داوە.

# کۆمەڵە ئاڵا هەڵگری شۆڕشی پێبەشان ....!



**دواڕۆژ**

زیاتر لە نیو سەدە لە مەوبەر یەکەمین تووەکانی لایەنێکی نوێ لە کوردستان دادەمەزرێ. پاش ماوەیەکی کورت بە ناوی کۆمەڵە چالاکیی دەسپێدەکات و تا هەنوکە ڕێگایەکی پڕ هەوراز و نشێو دەبڕێ. ڕێکخراوی تازە زۆر زوو خۆی دەگەینێتە لووتکەی ڕێبەرایەتیی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. کاری ڕێکخستن و ڕێبەریی کردنی خەباتی بەربڵاوی خەڵک، کاری بەردەوام و لێبڕاوانە لە نێو دڵی کۆمەڵگە، خۆڕاگریی سەربەرزانە لە بەندیخانەکاندا، ڕێکخستن و ڕێبەرایەتیی بەرگریی مێژوویی و گەورەی بزووتنەوەی کوردستان و جێگرتن لە پێشەوەی سەنگەری پێشمەرگانە،ئەو بەرپرسیارەتییانەن کە هەر لەسەرەتاوە دەکەونە سەر شانی کۆمەڵەی تازەکار. کۆمەڵە لە بارودۆخێکی گونجاودا بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەرەوە گۆڕەپانی کێشرایە کێشمەکێش و سەرهەڵدانی سیاسی و جەماوەریی بەرین و خێرا لە بەرانبەر ئەزموویکی دژوار و پڕ لە چاوەڕوانیی خۆی بینییەوە کە کەمتەرخەمبوون لێی ڕێگەپێدراو نەبوو.کۆمەڵە هاوکات کە لە شەڕدا بوو ڕێگای خۆی دەپێوا. هاوکات لە گەڵ ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای کۆمەڵە،بەرەیەک لە تێکۆشەرانی بەئەزموونی چەپ لە سەرتاسەری شار و گوندەکانی کوردستان لە دەوری یەکدا کۆبوونەوە و لە ماوەی چەند مانگێکدا لە نێوان جموجۆڵ و وروژانی جەماوەریدا بە بوونێکی کاریگەر،ماندوونەناسانە و پتەو خۆیان سەلماند کە تا ئێستەش ئاسەوارەکانی لە بزووتنەوەی کوردستان و جێخستنی تێکۆشانی جەماوەری و خۆڕاگرانەی کوردستان بە تەواوەتی بەرچاون.دامەزراندنی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان لە سەرتاسەری کوردستان، ڕێکخستنی جەماوەری لە نەورۆزی خوێناوی سنە لە بەهاری ٥٨ و یەکەمین هێرش و لەشکرکێشیی سەربازیی ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو،گێڕانی دەوری سەرەکی لە ڕوونکردنەوەی خەڵک بەدژی بەناو ڕێفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوەی ٥٨،وەستانەوەی پتەو لە بەرانبەر هەیئەتی دەوڵەتی تازەی ڕژیم کە پاش بایکۆتی ڕێفراندۆمی نمایشی هاتبوونە شاری سنە و بەرگریی ڕوون و مێژوویی و بەرپرسیارانەی هاوڕێ سدیق کەمانگەر، لە ڕێبەرانی تێکۆشەری سیاسی و یەکێک لە کادرەکانی ڕێبەریی کۆمەڵە لە بەرحەقبوونی بزووتنەوەی کوردستان،ڕێکخستنی یەکە کرێکاریەکان، جووتیاران و ڕێکخراوەکانی ژنان،ڕەوانەکردنی سەدان کادری بە ئەزموونی خۆبەخش بۆ گوندەکانی کوردستان بۆ ئاوەدانکردنەوە بە کەمترین کەرەستەوە،ئامادەبوون لە مەیدانەکانی کرێکاری و پێڕاگەیشتن بە داخوازییەکانی خەڵک لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا، ڕێکخەری کۆچی مێژوویی مەریوان لە ناڕەزایەتیی بە جموجۆڵە سەربازییەکانی ڕژیم لەو شارە، ڕێکخستنی ڕێپێوانی بەرینی خەڵک لە شارەکانی سنە، سەقز و بانە بۆ پاڵپشتیی خەڵکی مەریوان، بەرەوپێشبردنی وتووێژ لە گەڵ چەمران بە ڕێبەریی کاک فواد، ڕێبەری ئەوکاتی کۆمەڵە و دواتریش ڕێکخستنی بەرگریی مێژوویی خەڵکی کوردستان کە ڕژیم بەردەوام هەڕەشەی دەکرد،کۆمەڵەی کردە حیزبێکی پڕ ئەزموون و پتەو کە بەجێگای حیزبێکی چەند مانگە زۆر گەورەتر و کاریگەرتر خۆی دەرخست و دەستبەجێ متمانەی قووڵی خەڵکی کوردستان، حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەت لایەنە چەپەکانی لە دەرەوەی کوردستان و نەتەوە بندەستەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ڕێبەندانی ٥٧ هەلێکی مێژوویی و مەزنی بۆ خەڵکی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین دەستەبەر کرد. کۆمەڵە کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بنەمای حیزبێکی کوردستانی وچەپی دانابوو و بە هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی کوردستان لە هەموو پارچەکانیدا، ئەزموونی کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی چەکداریی ساڵەکانی ٤٦و ٤٧ و پێویستیی ڕێبەرایەتییەکی نوێ، لە گۆڕانکارییەکانی ٥٧ بە لێهاتووی و ژیریی ڕێبەران و کادرەکانی و بە مەلەکردن بە پێچەوانەی شەپۆلەکان و بە تاقەت و هێدی هێدی تووی ڕەوتێکی نوێ لە بزووتنەوەی کوردستانیان دەچاند کە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕە بەرچاوەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بەستێنێکی یەگجار لەباری بۆ ئەم ڕەوتە نوێیە و هێزە جەماوەرییە تازەکان خولقاند.هەڵکشانی خێرای کۆمەڵە بۆ لووتکەی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردستان و بەدەستەوەگرتنی داهێنانە هزری و بڕواییەکان و جۆرەکانی تکۆشانی جەماوەری و خەڵکی بەهەڵکەوت نەبوو. هەم بیرکردنەوەکانی کۆمەڵە هەم ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و هەم هەڵایسان و هەست و هیواکانی ئەو کاتی ٥٧ کاریگەریی بەرچاویان لە جێگیرکردنی جێگە و پێگەی کۆمەڵە هەبوو. کۆمەڵە بە وزە و بڕوای پۆڵایین و بە هەڵوێستی مێژوویی"گەلی کورد لە نێوان تاقیکاریدا"لە ڕێکخستنی بەربەرەکانێ و خۆڕاگریی کوردستان لە بارودۆخێکی هەستیاردا لە بەرانبەر ڕژیمێکەوە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هەژاندبوو و کاریگەریی نەرێنی نەک تەنیا لەسەر ئێران بەڵکوو لە سەر هەموو ناوچەکە دانابوو بوێرانە وەستایەوە. ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی کاتێک کە ڕژیم هێرشی بەبڵاوی بۆ سەر کوردستان دەستپێکرد،کۆمەڵە ڕەوڵێکی مێژوویی لە خەباتی بەرگری و زیندوو مانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گێڕا. کۆمەڵگەی کوردستان لە سێ دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە،پانتایی جوغرافیایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی بەربڵاوتر بۆتەوە. ناوەرۆکی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دوو دەیەی ڕابردووی کوردستان دەوڵەمەندتر بووە.بزووتنەوەی ژنان،ژینگە،هەڵکشانی ئەدەبیاتی بەرگریی و هۆنراوە و مووسیقا و داهێنانە نوێیە جەماوەرییەکان لە ڕێکخستنی ناڕەزایەتی و بەرگریی لە بەرانبەر داگیرکەراندا،بەستێنێکی بەرچاون بۆ ئەوەیکە چەپی کوردستان ئەرک و بەرپرسیارەتیی خۆی بناسێ و هەر بەو ئیرادە و بێگەردیی دۆخی ڕاگەیاندنی چالاکیی ئاشکرای کۆمەڵە بەڵام بە ئەزموونی چوار دەیە لە هەوراز و نشێو خوازیاری ڕێبەریی بزووتنەوەی کوردستان و کاریگەر و ڕێنیشاندەر و ڕێکخەری خەباتی جەماوەری بێت. شۆڕشی ژینا، "ژن ژیان، ئازادی"ئەوپەڕی گەورەبوون و دەوڵەمەندیی بزووتنەوەی کوردستانە.ئەم شۆڕشە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەوڵی کوردستانی خستە ڕوو.لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و ناوچەکە،کوردستان قورسایی و پێگەیەکی جێگیرتری پەیدا کرد و بۆتە خاوەن ئۆتۆریتە و ناوەندێکی سیاسی. شۆڕشی ژینا هەم زیاتر لە چوار دەیە بەرخۆدانی کوردستانی وێنا کرد هەم بەرحەقبوونی کە ڕژیم لە هەموو ئیمکاناتێکی بۆ ڕەشکردنی کەڵکی وەر گرتووە، سەلماند و هەم بەستێنە پێشکەوتوو،مرۆیی و یەکسانیخوازانەکانی نیشان دا.ئەم ڕاستییانە چەپی کوردستانی خستۆتە بەردەم ئەزموونێکی دیکە. ئەمڕۆ هاوکات لە گەڵ ساڵیادی ڕۆژی کۆمەڵە،چاومان لە سەر ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکان لە جیهان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێرانە. کۆماری ئیسلامی کە تا چەندێک لەمەوبەر دەنگۆی خاوەنداریێتی پێنج پێتەختی بڵاو دەکردەوە بەتەواوەتی شکاو، سەرشۆڕ وبێدەسەڵات کراوە. ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویان داوە و لەوەش گەورەتر بەڕێوەیە، زیاتر لە هەموو کاتێک چارەنووسی کۆماری ئیسلامی خستۆتە تارماییەکەوە.بەڵام کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئێراندا بە شێوەیەکی جیددی قەیرانی ڕەوایی، قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بژێوی، سیاسی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە بەردەوام لە پەرەسەندندان بەرەو ڕوویە. لە شەڕی ٤٦ ساڵەیدا بەرانبەر ژنان،کرێکاران،نەتەوە بندەستەکان،و ڕووناکبیران و پێنووس بەدەستان و لاوان ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە تووشی شکان و داڕمان بووە. لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بەڕێوەیە چارەنووس و بارودۆخی هەموو بەشەکانی کوردستان گرنگییەکی تایبەتیان هەیە. کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داهاتوودا دەتوانێ بەرەو چارەنووسێکی دیکە بڕوات و ئەمەش کۆتایی نەهامەتییەکان و دەرد و ڕەنج و خوێنڕشتن و داگیرکاریی بێت.گۆڕەپان بۆ حیزب و لایەنە سیاسییەکان بەتایبەت لە کوردستاندا بۆ خۆنواندن و بوونێکی بەهێز و کاریگەر ئامادەیە. لەم نێوانەدا کۆمەڵەی زەحمەتکێشان وەکوو چەپێکی کوردستانی دەبێ درەوشانەوەی ٤٧ ساڵ پێشی بە ئەزموونتر و چاوکروەیی زیاتری سیاسی دووپات بکاتەوە و جێگە پەنجە و ڕێگا و ڕێبازی خۆی بەسەر ئاڵوگۆڕەکاندا بسەلمێنێ. بەستێن و هەلومەرج بۆ خۆدەرخستن خۆنواندی کۆمەڵە وەکوو لایەنێکی کوردستانی و چەپ لەبارە.شۆڕشی ژینا،خۆدەرخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان،بارودۆخی ژنان،پێشکەوتنخوازی و مودێڕنیزم،بەرینتربوونەوەی ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان،سێکۆلاریزم و پێشگرتن لە دەستێوەردانی دین و دەوڵەت لەژیانی تاک و کۆمەڵگە، هەموو ئەو بایەخە مەزنە کۆمەڵایەتیگەلەن کە زیاتر لە چوار دەیەیە لە هەلومەرجی ئەو کاتی کوردستاندا کۆمەڵە ئاڵاهەڵگر وداکۆکیکار و پەرەپێدەری بووە. ئەمە هەر ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییە گەورەیە کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەبێ بە بەدەستەوە گرتن و قووڵکردنەوەی چەپی کوردستانی لەسەر لووتکەی هیواکانی نەتەوەیەکی زوڵملێکراو و سەرکوتکراو بۆ ڕزگاری و بەختەوەری و کۆتایی داگیرکاری و سڕینەوەی هەرچەشنە نادادپەروەرییەک بیسەلمێنێ. یەکگرتوویی حیزبە کوردستانییەکان و دانانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە ئەرکە سەرەکییەکانمانەو ئەم هەنگاوەش وەکوو پێویستترین و گرنگترین هەنگاوی بزووتنەوەی کوردستان وبنەڕەتیترین ئەرکی حیزبە سیاسییەکان دەزانین.

# ٢٢ی ڕێبەندان؛ شۆڕشێک کە لە کوردستاندا بەردەوام بوو

دوارۆژ

٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ (١٩٧٩) تەنیا وێستگەی ڕووخانی ڕژێمێکی شاهەنشایی و پاشایەتی نەبوو، بەڵکو بۆ گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورد، دەسپێکی قۆناغێکی نوێ و ئاڵۆز بوو لە ململانێی نێوان «ئازادیخوازیی ڕاستەقینە» و «پاوانخوازیی ئایدیۆلۆژی». لە کاتێکدا زۆربەی ناوچەکانی تری ئێران لە ناو جۆش و خرۆشی سەرکەوتنی ڕووکەشیدا بوون، کۆمەڵە بەو وردبینییە سیاسییەی کە لە ساڵانێک خەباتی نهێنیدا پەیدای کردبوو، دەیبینی کە ئاسۆی ئەم گۆڕانکارییە بەرەو جۆرێکی تری دکتاتۆری هەنگاو دەنێت. بۆ کۆمەڵە، ٢٢ی ڕێبەندان نەک خاڵی کۆتایی شۆڕش، بەڵکو دەسپێکی شۆڕشێکی قووڵتر بوو بۆ چەسپاندنی دادپەروەری، یەکسانی و مافی نەتەوایەتی.

کۆمەڵە یەکێک بوو لەو هێزە دەگمەن و پێشەنگانەی کە هەر لە یەکەم ساتەکانی سەرکەوتنی شۆڕشدا، گومانی گەورەی لە ماهییەتی دەسەڵاتی نوێ هەبوو. کاتێک لە تاران و شارە گەورەکان هەوڵی «تەقدیسکردنی» بێ مەرجی دەسەڵات دەدرا، کۆمەڵە لە کوردستان بە ڕاشکاوی هۆشداریی دا کە نابێت ڕووخانی پاشایەتی ببێتە پاساو بۆ هاتنەسەرکاری سیستمێکی تری سەرکوتکەر کە تەنیا ناونیشانەکەی گۆڕاوە.

ئەم ڕوانگەیە لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە کۆمەڵە بڕوای وابوو شۆڕش تەنیا گۆڕینی فیزیکیی دەموچاوەکان نییە، بەڵکو دەبێت گۆڕینی بنەڕەتیی پێکهاتەی دەسەڵات و دابەشکردنی سامانی نیشتمانی بێت. هەر بۆیە کاتێک دەسەڵاتی نوێ ویستی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە قاڵبێکی ئایدیۆلۆژیی تەسکدا کۆ بکاتەوە و مافی نەتەوەکان فەرامۆش بکات، کۆمەڵە وەک بەربەستێکی گەورەی فیکری وەستا. کۆمەڵە لەو سەردەمەدا سەلماندی کە «ئازادی» لای ئەو نرخێکی باڵای هەیە و ئامادە نییە لە پێناو نزیکبوونەوە لە دەسەڵات، سازشی لەسەر بکات.

لەو کاتەی کە ناوەند خەریکی چەسپاندنی دەسەڵاتی ڕەهای خۆی بوو و هەموو دەنگە جیاوازەکانی کپ دەکرد، کۆمەڵە لە کوردستان مۆدێلێکی جیاوازی لە «بەڕێوەبەریی جەماوەری» پێشکەش کرد. دروستکردنی ئەنجومەنەکان، بنکەکانی گەڕەک و ڕێکخستنی جەماوەر بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شار و گوندەکان، لە ڕاستیدا وەڵامێکی کردەیی و مەدەنی بوو بۆ ئەو پاوەنخوازییەی کە لە تارانەوە سەرچاوەی دەگرت.

ڕۆڵی مێژوویی کۆمەڵە لەو سەردەمەدا ئەوە بوو کە نەیهێشت کوردستان تەسلیمی ئەو شەپۆلە پۆپۆلیستییە بێت کە دەیویست بە ناوی شۆڕشەوە، ئازادییەکان زەوت بکات. ئەگەر ٢٢ی ڕێبەندان لە تاران بە مانای جێگیربوونی دەسەڵاتێکی نوێی ناوەندگرا بوو، لە کوردستان بە مانای دەسپێکی بەرگرییەکی مەزن و شکۆمەند بوو لە «کەرامەتی مرۆڤ» و «سەروەریی گەل». کۆمەڵە توانی ئەو وزە شۆڕشگێڕییەی خەڵک کە دژ بە ستەمی پاشایەتی کۆببووەوە، ئاراستە بکات بەرەو بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی هوشیار کە چیتر نایەوێت ژێردەستە بێت.

دروشمی مێژوویی «نان، کار، ئازادی» کە کۆمەڵە لە ڕۆژانی شۆڕشدا بەرزی کردەوە، تەنیا سێ وشەی سادە نەبوون، بەڵکو مانیفێستێکی سیاسیی قووڵ بوون. کۆمەڵە پێمان دەڵێت کە شۆڕشێک نەتوانێت نان بۆ برسییەکان، کار بۆ زەحمەتکێشان و ئازادی بۆ نەتەوە چەوساوەکان دابین بکات، شۆڕشێکی نیوەچڵ و بێ ناوەڕۆکە.

ئەم ڕوانگە سێ ڕەهەندییە وای کرد کە کۆمەڵە ببێتە دەنگی ڕاستەقینەی پەراوێزخراوان. کۆمەڵە پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە پرسی کورد تەنیا کێشەیەکی ئەمنی یان سنووری نییە، بەڵکو کێشەی «مافی ژیان و دیموکراسی»یە ئەمڕۆ کە ئاوڕ لەو مێژووە دەدەینەوە، دەبینین ئەو مەترسییانەی کۆمەڵە لە بەهاری ١٣٥٨دا باسیک دەکردن و لەبەرەبەیانی سەرکەوتنی شۆڕشدا هۆشداریی لێ دەدان، ئێستا بوونەتە واقیعی تاڵ بۆ هەموو گەلانی ئێران. کۆمەڵە سەلماندی کە کوردستان نەک هەر مەیدانی بەرگریی چەکداری، بەڵکو تاقیووازییە لە تەواوی ناوچەکەدا.

یادکردنەوەی ٢٢ی ڕێبەندان لە تایبەتنامەی «دوارۆژ نێت»دا، دەبێت ئەم پەیامە مێژووییە بە گەنجان بگەیەنێت: کە شۆڕش پرۆسەیەکی بەردەوامە و بە ڕووخانی یەک دکتاتۆر کۆتایی نایەت. کۆمەڵە بەو مێژووە پڕ لە شانازییەوە فێری کردین کە هوشیاریی سیاسی گرنگترە لە سەرکەوتنی سەربازی؛ چونکە ئەوە هوشیارییە ڕێگە نادات ستەم بە ناوی پیرۆزییەکانەوەدووبارە ببێتەوە.

٢٢ی ڕێبەندان بۆ ئێمە بیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە ئازادی خەڵات نییە، بەڵکو بەرهەمی ئیرادە، ڕێکخراوبوون و خۆڕاگرییە. کوردستان هەر لە ٢٢ی ڕێبەندانەوە تا ئەمڕۆ، بەو پێشەنگییەی کە کۆمەڵە دروستی کرد، وەک دڵی لێدەری ئازادیخوازی لە ئێراندا ماوەتەوە. ئەم مێژووە پێمان دەڵێت کە تا ئەو کاتەی «نان، کار و ئازادی» بۆ هەمووان دەستەبەر نەبێت، شۆڕشی ئێمە بەردەوامە و چاوەڕوانی ئاسۆی ڕزگاریی یەکجاری دەکات.

# ٢٦ی ڕێبەندان؛ مانیفێستی ناسنامەیەک کە لە "مان"ەوە بوو بە "بوون"

دوارۆژ

مێژووی گەلان پڕە لەو ڕۆژانەی کە تەنیا ژمارە نین لە ڕۆژژمێردا، بەڵکو خاڵی وەرچەرخان و دابەشبوونی زەمەنن بۆ پێش و پاش خۆیان. ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ (١٩٧٩) بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنیا ساڵڕۆژی ئاشکرابوونی ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو، بەڵکو تەقینەوەی وزەیەکی پەنگخواردووی چەند ساڵە بوو کە دەیویست مانا بۆ مرۆڤی کورد و مافە کەرامەتییەکانی بگەڕێنێتەوە. لەم ڕۆژەدا، بزووتنەوەی کورد لە قاڵبی «تەنیا چەک» دەرچوو و پێی نایە قۆناغی «چەک و فیکر».

کۆمەڵە وەک بزووتنەوەیەک، لە ژێرزەمینە تاریکەکانی خەباتی نهێنیدا و لەناو ئەڵقە فیکرییەکانی خوێندکاران و ڕووناکبیراندا لەدایک بوو. بۆ ماوەی دە ساڵ (١٣٤٨-١٣٥٧)، کادرەکانی کۆمەڵە نەک هەر سەرقاڵی ڕێکخستنی سیاسی، بەڵکو سەرقاڵی «کوردستان ناسی» بوون؛ ئەوان گوند بە گوند و شار بە شار گەڕان بۆ ئەوەی ئازارە ڕاستەقینەکانی خەڵک بناسن. کاتێک لە ٢٦ی ڕێبەنداندا و دوای گیانبەختکردنی هاوڕێ «حەمە حسێن کەریمی»، کۆمەڵە بوونی خۆی بە ئاشکرا ڕاگەیاند، جیهان ڕووبەڕووی مۆدێلێکی نوێ لە خەبات بووەوە. ئەمە تەنیا گۆڕینی شێوازی خەبات نەبوو، بەڵکو هاتنەدەری هێزێک بوو کە پێشوەختە لەناو دڵی جەماوەردا ڕەگی داکوتا بوو. کۆمەڵە لەو ڕۆژەدا بە میللەتێکی چەوساوەی وت: «ئێوە تەنیا سووتەمەنی شۆڕش نین، ئێوە بڕیاردەر و ڕێبەرن.»

فەلسەفەی بوون: تێکەڵکردنی «نان» و «ئازادی»

ئەو خاڵەی کە ٢٦ی ڕێبەندان و ڕێبازی کۆمەڵە لە هێزە کلاسیکەکان جیا دەکاتەوە، ئەو فەلسەفە قووڵەیە کە «مافی نەتەوایەتی» و «دادپەروەری کۆمەڵایەتی» وەک دوو بزوێنەری لێک دانەبڕاو دەبینێت. پێش کۆمەڵە، زۆربەی بزووتنەوەکان یان تەنیا ڕەهەندی نەتەوایەتییان هەبوو یان تەنیا چینایەتی. بەڵام کۆمەڵە هات و وتی: «کوردایەتییەک کە خەمی نان و کەرامەتی جوتیار و کرێکاری تێدا نەبێت، کوردایەتییەکی نیوەچڵە.»

ئەم ڕێکخراوە توانی چەمکی «نەتەوە» لە قاڵبێکی وشک و تەسکی ڕەگەزی دەربهێنێت و بیبەستێتەوە بە کەرامەتی مرۆیی. لە دیدگای کۆمەڵەدا، ئازادیی کوردستان تەنیا گۆڕینی ئاڵا و دەسەڵاتدارەکان نییە، بەڵکو ڕزگارکردنی مرۆڤی کوردە لە هەموو جۆرە کۆیلایەتییەک؛ جا داگیرکەری دەرەکی بێت یان ستەمی ناوخۆیی. هەر ئەم دیدگایەش بوو کە وای کرد کۆمەڵە لە ماوەیەکی کەمدا لە شار و گوندەکانی کوردستان ببێتە «بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی» گشتگیر کە هەموو چینە پەراوێزخراوەکانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە.

ڕۆڵی مێژوویی کۆمەڵە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە «سیاسەت»ی لە کۆشک و دیوەخانەکانەوە هێنایە ناو شەقام و مەزراکان. دروستکردنی «یەکێتیی جوتیاران» و ڕێکخستنی «ئەنجومەنە شوراکان» لە شارەکاندا، گەورەترین داهێنانی سیاسیی کۆمەڵە بوو. بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، خەڵکی ئاسایی هەستیان کرد کە خۆیان خاوەنی بڕیارن. کۆمەڵە تەنیا ڕێبەرایەتی نەدەکردن، بەڵکو فێری دەکردن چۆن «خۆیان ڕێبەرایەتی خۆیان بکەن». ئەم مۆدێلە لە «دیموکراسیی ڕاستەوخۆ» وای کرد کە تەنانەت لە کاتی هێرشە قورسەکانی دوژمنیشدا، ورەی خەڵک دانەبەزێت، چونکە شۆڕشیان وەک بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دەبینی.

ئەمڕۆ کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەردەم ئاڵنگارییەکی مێژووییدایە و دوژمنان دەیانەوێت بە دروستکردنی دووبەرەکی، دەنگی ئازادی بخەوێنن، وانەکانی ٢٦ی ڕێبەندان لە هەموو کاتێک زیندووترن. ئەو ڕۆحی فیداکاری و هاوڕێیەتییەی کە لەو ڕۆژەدا چەکەرەی کرد، تەنیا هی ڕابردوو نییە، بەڵکو دەبێت ببێتە هەوێنی «یەکگرتوویی ماڵی کورد» لە ئێستادا.

بۆ نەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»، ٢٦ی ڕێبەندان تەنیا لاپەڕەیەکی کۆن نییە، بەڵکو سەرچاوەی ئیلهامە. کۆمەڵە بەم مێژووەوە پێمان دەڵێت کە سەرکەوتن لە گرووپی بچووکدا نییە، بەڵکو لە «یەکگرتنی ئیرادە جەماوەرییەکان»دایە. پاراستنی میراتی ٢٦ی ڕێبەندان واتە پاراستنی ئەو ڕێبازەی کە مرۆڤی کورد بە سەربەرز و ئازاد دەوێت.

کۆمەڵە بە ناسنامەی ٢٦ی ڕێبەندانەوە، هەمیشە وەک «ویژدانی بێدار»ی بزووتنەوەی کورد دەمێنێتەوە. ئەم ڕۆژە، ڕۆژی نوێکردنەوەی ئەو پەیمانەیە کە تێیدا مرۆڤی کورد دەبێتە خاوەنی چارەنووسی خۆی؛ بە چەکێک لە دەست بۆ بەرگری، و فیکرێکی پێشکەوتنخواز لە سەردا بۆ بونیادنانی داهاتوو. ٢٦ی ڕێبەندان جەژنی گەڕانەوەی شکۆیە بۆ مرۆڤێک کە ساڵانێکی درێژ تەنیا لەبەر کوردبوونی، بێبەش کرابوو لە «بوون».

# ئەستێرە سوورەکەی کوردستان

دوارۆژ

چەند مانگ پێش ڕاپەڕینی مەزنی ساڵی ١٣٥٧، کوردستانیش خرۆشا. ڕژیمی شا کە سەرکوتگەری کوردستان و هەموو بزووتنەوە نەتەوەیی و جەماوەرییەکان و هەر چەشنە دەنگێکی نارەزایەتی و جموجووڵی سیاسی هەر لە کودتایی سێی ڕەشەمەی ١٢٩٩ی هەتاوییەوە بوو، کەوت بەر شەپۆلێکی بێوێنە و بە هێزی نارەزایەتی و هەستانی جەماوەری و بۆ هەمۆان مسوگەر ببوو کە کۆتایی ڕژیمی شا نزیکە.

نە تەنیا گەلانی ئێران، چینی کرێکار و ئازادیخۆازان، کە هەموو هێزە ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیەکان کەوتنە خۆ کە گۆڕانکارییەکانی ئێران و ڕووخانی شا بقۆزنەوە و یا لە پێناو بەرژەوەندیی ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی خۆیان هیدایەتی بکەن و مەیدان جێ نەهێڵن. هاوکات لە گەڵ پەرەسەندنی شەپۆلی نارەزایەتییەکان و مسۆگەربوونی ڕووخانی شا، جموجووڵی جیهانی و ناوخۆیی خێراییەکی بەرچاوتری بە خۆوە ئەبینی کە ڕاستەخۆ کاریگەری لە سەر ئاراستەی هێزەکانی ناوخۆ و ڕیزبەندییان دادەنا.

بۆ کوردستانیش دەفەرتێکی زێڕین خولقا. کۆمەڵگای کوردستان کە پاش ئیسلاحاتی ئەرزیی سەرەتای دەیەی چلی هەتاوی بەرەوە گۆڕانکاری قووڵ پەلی دەهاویشت. هێدی هێدی لە کوردستانێکی زۆرتر گوندی و ئەرباب و ڕەعییەتی بەرەو کوردستانێکی شارستانی و کەوتنە ناو جەرگەی سەرمایەداری و کاپیتالیستی هەنگاوی هەڵدەگرت. سیمای کۆمەڵگای کوردستان گۆڕانی بە سەر دەهات، هێزی نوێی کۆمەڵایەتی سەریان هەڵدەدا و هێزە کۆن و گیان سەختەکان و کولتوور و موناسباتی پێش سەرمایەداری ئەگەر چی بە ئەسپایی، ناچار لە ناوچوون و تووانەوە دەبوون.

کاتێ کە کۆمەڵگای ئێران بەرەو شۆڕشی ٥٧ هەنگاویی هەڵدەگرت، کوردستان گۆڕابوو. هێزی کۆمەڵایەتیی نوێ سەریان هەڵدابوو. ڕزگاری ژنان لە کۆت و بەندی نامرۆڤانە بە شێنەیی بەڵام جێکەوتوو و بنەڕەتی بەرەوپێشەوە دەچوو و بەشداربوونی زیاتریان لە بواری ئابووری و سیاسی و خوێندن و ئەدەبیاتدا بەرچاو بوو و کرانەوەی دونیای دەرەوەی کوردستان بە ڕوویاندا و گۆڕانی جێگە و پێگەیان لە بنەماڵە و کۆمەڵگا بەرچاو دیار بوو. مەوقعییەتی مەزهەب، مەوقعییەتی خوێندەواری (پەرسەندنی ژمارەی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران و تەنانەت ئورووپا و ئەمریکا)، سیمای شارەکان و سەرجەم کوردستان بە تەواوی گۆڕابوو.

لە مەڕ بزووتنەوەی ڕزگاریخۆازانەی کورد، کوردستان پێشکەوتنی لە ناوەرۆکدا بە خۆ دیبوو. وێڕای شکستی کۆمار، پاش چەندین هێرشی گەورە بۆ چەککردنی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە بەدرێژایی چەندین ساڵ، پاش شکستی بزووتنەوەی چەکداریی ساڵەکانی ٤٧-٤٦، کاریگەرییە نێگاتیڤەکانی ڕووداوەکانی باشووری کوردستان،لە هەمو ئەوانە گرینگتر پاش دەیان ساڵ بەرنامەی سیستماتیک و بە گەورەترین ئیمکاناتی مادی و مەعنەوی بۆ سڕینەوە گەلی کورد (و نەتەوەکانی دیکە)، بۆ زاڵکردنی زمان و کولتووری نەتەوەی باڵادەست، شێواندنی مێژوو و حاشالێکردن لە نەتەوەکانی دیکە، لە کوردستان بە تایبەت شاهیدی گەشەی بزووتنەوەی ڕزگاریخۆازی کورد و خۆوشیاری نەتەوەیی بووین کە پاش ڕووخاندنی شا و ڕەخسانی کەش و هەوایەکی ئازاد بە خێرا خۆی نواند. سەرکوتی پەنجا ساڵەی پەهلەوییەکان لە دژی گەلی کورد سەرەڕای خەسارگەلێکی چەن لایەنە، نە تەنیا شکەستی هێنا بەڵکوو گۆڕانکارییەکان و خۆڕاگریی گەلی کوردستان و خەباتی هەمەلایەنەی تێکۆشەرانی کورد لە هەمو بوارەکانی، گەلی کوردستانی بۆ حووزورێکی سیاسی و جەماوەری و یەکگرتوانە ئامادە کرد و دیتمان چەندین هەنگاوی مەزنی هەڵگرت.

لە ناو گۆڕانکارییەکانی کوردستان و هاتنە مەیدانی هێزی کۆمەڵایەتیی نوێ، هێزی سیاسی نوێش بەستێنی سەرهەڵدانی بۆ ڕەخسا و هاتنە مەیدان. ڕاگەیاندنی کۆمەڵە لە ڕۆژی ٢٦ ڕێبەندان بە بونەی گیانبەختکردنی کاک محەمەد حوسێن کەریمی وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، تەنیا ڕاگەیاندنێکی سازمانی بۆ خەسارێکی گەورە کە لە ڕێکخراوێک کەوتبوو نەبوو، بە هەڵکەوت نەبوو، بەڵکوو هاتنە مەیدانی هێزێکی سیاسی نوێ بۆ گۆڕەپانی خەباتی جەماوەری لە کوردستانی ڕاگەیاند و سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا. کۆمەڵە وەک ئەستێرێکی گەش، جەوان، بە بیری نوێ و بە کادر و ڕابەرانی تێکۆشەر و حازر و ئامادە لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی جەماوەری و لەو دەرفەتە زێڕینە کە بۆ کوردستان و بۆ کۆمەڵەش ڕەخسا بوو (کە بۆ هێزێکی سیاسی زۆر زۆر پڕ بایەخ و دەرفەتێکە کە ئەگەری دووپاتبوونەوەی زۆر کەمە)، کەلکی وەرگرت و بەرپرساییەتی ڕابەریکردنی بزووتنەوەی جەماوەری گرتەئەستۆ و ئەرکێکی قورسی لە سەر شانی خۆی دانا. هەر لە کۆتایی دەیەی چلی هەتاوی کۆمەڵە وەک ڕەوتێکی چەپ و سوسیالیستی بە لێکدانەوە و دەرس وەرگرتن لە بزووتنەوەی کوردستان و بە تایبەت دوو ڕووداوی زۆر نزیک وەکوو شۆڕشی ئەیلوول لە باشوور و بزووتنەوەی چەکداریی ٤٧-٤٦ و گۆڕانکارییەکانی ناوخۆیی حیزبی دێمۆکرات پاش کۆمارو، لێکدانەوەی قەیران و گرفتەکانی ناو بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان و ئێران و جیهان، توانی خۆی وەک ڕەوتێکی خاوەن بیرو ڕێبازی سیاسی ڕێک بخات و هێدی هێدی لقوپۆ بهاوێ و لە جەرگەی شار و لادێکان وێڕای زاڵبونی ساواکیش ئەندامگیری بکات و سەرمایەی ئینسانی و سیاسی کۆ بکاتەوە. ئەگەرچی زۆربەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە گیران و کەوتنە زیندانەکان، بەڵام کوردستان و گۆڕانکارییەکانی تینوی هێزێکی سیاسی چەپ



و سوسیالیست بوو و هەر ئەمە ئیمکانی بۆ کادرەکانی دەرەوەی زیندان فەراهەم دەکرد کە کاری خۆیان درێژە پبدەن هەرچەن هاتنە مەیدانی تێکۆشەرانی چەپ کە لە پەرەسەندا بوو ئەوەندە بەرینبوو کە وەڵامدانەوەی ئاسان نەبوو.

پاش ڕووخاندنی ڕژیمی شا لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧دا تا یەکەمین هێرشی ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ و بەرپەرچدانەوەی هێرشی ڕژیم و بزووتنەوەی سێ مانگە، تا شەڕی ٢٤ ڕۆژەی سنە لەم یەک ساڵ و شش مانگە کوردستان گەلێک ڕووداو و خەباتی جەماوەری و سیاسی و جموجووڵی گەورە و بچوکی بە خۆوە بینی کە قورسایی ڕابەرایەتی سەرەکییەکەی کەوتە سەرشانی کۆمەڵە. لە رۆژی ٢٣ی ڕێبەندان پروپاگەندەی ژهراوی دژی کوردستان دەستپیکرد. ڕێکخستنەی بەرگریی جەماوەری لە نەرۆزی خوێناوی سنە، پێکهێنانی جەمعییەتەکان کە بۆ چەندین مانگ ڕۆڵی گەورەی لە کۆکردنەوەی ڕەوتە چەپەکان و هیدایەتی سیاسی شارەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ دێهات و کرێکارانی بێکار و . گێڕا، پێکهێنانی دەیان ڕێکخراوی ژنان و بێکاران و ئەدەبی و سیاسی، بایکۆتی ڕیفراندومی ١٢ی خاکەلێوەی حکوومەتی ئیسلامیی، وتووێژی ڕابەرانی کۆمەڵە بە نوێنەرایەتی گەلی کورد لەگەڵ هەیئەتی گەورەی ڕژیم کە هاتبوونە کوردستان و شاری سنە، ڕێکخستنی جەماوەری دژی جموجوڵی ئاغاکان و پێکهێنانی یەکییەتی جۆتیاران، گێڕانی دەوری بەرچاو لە شەڕی نەغەدە بۆ دامرکاندنی شەڕی تورک و کورد و کەمکردنەوەی ئاسەوارە ماڵوێرانکەرەکانی ئەو شەڕە، کۆچی مێژوویی مەریوان، ڕێپێوانی جەماوەری و گەورە لە سنە و سەقز و بانە بۆ پشتیۆانی لە کۆچی مەریوان. دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و کار بۆسازدانی بەرگریی سەراسەری کوردستان لە بەرامبەر ئەگەری هێرشی ڕژیم کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەگەرەکە دەبو بە یەقین، نموونە بەرچاو و دیارەکانی ڕۆڵی چارەنووسسازی کۆمەڵە لەو دەورەی خەباتی خەڵکی کوردستندان.

ڕێبازی سیاسی و فکریی کۆمەڵە هەر پاش ئاشکرابوونی و لە جەرگەی ڕووداوەکان و خرۆشانی جەماوەری، بە خێرایەکی بەرچاو بوون بە سیاست و ڕێبازی مەترەح و سەرەکی لە کوردستان. هەڵوێستی کۆمەڵە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی، بە ڕێفراندومەکەی، بەشداری چالاکانەی ڕابەرانی لە هەموو بڕیارە گرینگەکانی ئەو قۆناخە، سیاستی گونجاو و بە تەدبیر و ژیرانە و هاوئاهەنگی لە گەڵ مامۆستا شێخ عیزەدین کە وەک کەسایەتییکی خاوەن پێگە، شۆڕشگێڕ و خاوین بیرو سیاسەت سەری هەڵدا، پەیوەندی لە گەڵ بەشەکانی دیکە کوردستان لە باشوور و لە باکوور و بە هانا چونیان و بەشداریکردنیان لە بەرخۆدانی ڕۆژهەڵات و کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانیان لە هەمو بۆارەکان، پەیوەندی گەرم لە گەڵ بزووتنەوە و نەتەوەکان و حزبەکانی ئێران بە تایبەی ڕەوتی چەپ و سوسیالیست، ڕاکێشانی پشتیۆانی ئەۆان بۆ کوردستان و کۆمەڵە، ئەم ڕەوتە نوێیەی پاش چەند مانگ کردە ڕەوتی سەرەکەی و خاوەن پێگەی بەرینی جەماوەری و دەتۆانین بڵین کە ڕەوتەکانی دیکەی بە شوێن سیاست و ڕێبازی خۆیدا دەکێشا. کۆمەڵە، کۆمەڵگای کوردستانی بەرەو چەپ و بەرابەری خۆازی و پێشرەوترین ئەندیشەکانی مروڤایەتی کێشا. سیاسەت و خەباتی سیاسی لە پاوانی سەرۆک عەشیرەکان و چینی دارا و تاقمێکی بچووک دەرهێنا و کاریگەری سەرەکی لە ڕاکێشانی سرنجی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک بۆ سیاسەت و چارەنوسی خۆیاندا هەبوو، لە دڵی خەڵکی زەحمەتکێشدا هیوا بە ڕزگاری لە هەڵاواردن و چەوسانەوەی دروست دەکرد، ژنانی کوردستان بەروە ڕیزەکانی پێشەوەی بزووتنەوە کۆمەڵاتییەکان هان دا و لە موناسباتی ژن و پیاودا گۆڕانی بەرچاوی دروست دەکرد. حیزبایەتی لە قاڵبی کۆن و سۆننەتی دەرهێنا و بۆ هەمیشە ئەفسانەی یەک نەتەوە و یەک حزبی کۆتایی پێهێنا. سیمای بزووتنەوەی ڕزگاریخۆازی کوردستانی مودێڕنتر و ئێنسانیتر و پڕناوەرۆکتر کرد. بزووتنەوەی کوردستانی لە قاڵب و قەوارەیەکی نیزامی و پێشمەرگانە دەرهێنا، ڕابەرانی جیاۆازی هێنانە سەر شانوی خەباتی جەماوەری کە لە ریزەکانی پێشەوەی خەبات ئامادە دەبوون. لە دژی ئیرتجاع و کۆنەپەرەستی و ناسیونالیسمی کوێر و سیاسەتی ئیفراتیی زۆر شەفاف بوو. کۆمەڵە لە بۆاری هونەر و ئەدەبیات و سروود پێش ئاهەنگ بوو و هوشیارانە تێکەڵ بە خەباتی سیاسی دەکرد و لە دەوڵەمەندکردن و پڕناوەرۆک کردنی بزووتنەوەی کوردستاندا دەوری مێژوویی گێڕا.

ئەستێرە سوورەکەی کوردستان لە قوناخێکی مێژوویی لە کوردستان وەها کاریگەریی دانا کە دوای٤٧ سال هێشتا جێی لێکوڵینەوە و فێربوونە. بێگۆمان ئەم مێژووە و ئەم ئەزموونە دەوڵەمەندە بۆ ئەمڕۆ و سبەیی کوردستان و بزووتنەوەکەی پربایەخە و پشتوانەیەکی سیاسی، فکری و خەباتکارانەیە.

# پارادایمی مۆدێرنیتەی کوردی؛ کۆمار وەک وەرچەرخانێکی سێمانتیکی

دواڕۆژ

کاتێک باس لە کۆماری کوردستان دەکرێت، زۆرجار ڕووداوەکان لە چوارچێوەی گێڕانەوەیەکی سیاسیی سنووردارداا کورت دەکرێنەوە، بەڵام لە ڕوانگەیەکی قووڵترەوە، ٢ی ڕێبەندان نەک تەنیا ڕووداوێکی سیاسی، بەڵکو «تەقینەوەیەکی مەعریفی» بوو لە مێژووی هاوچەرخی کورددا. کۆمار تەنیا گۆڕینی ئاڵایەک یان دامەزراندنی قەوارەیەکی کاتی نەبوو، بەڵکو دەروازەیەک بوو بۆ تێپەڕبوونی کۆمەڵگەی کوردی لە قۆناغی «سوڵتانی و خێڵەکی» بەرەو مۆدێرنیتەیەکی ڕەسەن. ئەم بابەتە تیشک دەخاتە سەر ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی کە لە ناو جەرگەی کۆمەڵگەدا ڕوویان دا و چۆن مەهاباد بوو بە تاقیگەیەک بۆ لەدایکبوونی «مرۆڤی مۆدێرنی کورد».

١. ناسیۆنالیزمی مەدەنی؛ لە «خوێن»ەوە بۆ «گرێبەستی کۆمەڵایەتی»

پێش سەردەمی کۆمار، ناسنامەی کوردی زیاتر لە دەوری خێڵ، عەشیرەت و پەیوەندییە خزمایەتییە سەرەتاییەکان دەسوڕایەوە. کۆمار هات و ئەم ناسنامەیەی مۆدێرن کرد. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، چەمکی «هاووڵاتی» (Citizen) جێگەی چەمکی «ڕەعییەت»ی گرتەوە. کۆمار توانی ناسیۆنالیزمێکی مەدەنی بونیاد بنێت کە تێیدا تاکەکان نەک لەسەر بنەمای ئینتیمای خێڵەکی، بەڵکو لەسەر بنەمای «گرێبەستێکی نیشتمانی» کۆدەبوونەوە.

ئەمە جەوهەری مۆدێرنیتەی سیاسییە؛ کاتێک دەسەڵات شەرعییەتی خۆی نەک لە هێزی چەک، بەڵکو لە ئیرادەی گشتی و دامەزراوە یاساییەکان وەردەگرێت. کۆمار توانی چەمکی «نیشتمان» لە وێنەیەکی خەیاڵییەوە بکاتە «ماڵێکی یاسایی» کە تێیدا مافی مرۆڤ وەک هاووڵاتی پێناسە دەکرایەوە. ئەم وەرچەرخانە وای کرد کە نەوەکانی دوای کۆمار، هەمیشە دەوڵەت وەک دەزگایەکی خزمەتگوزار و یاسایی ببینن نەک وەک هێزێکی سەرکوتکەر.

٢. چاپخانە و ڕۆژنامەگەری؛ چەکی هوشیاری و جەستەی دەق

کۆمار تێگەیشتبوو کە نەتەوەیەک بەبێ «زمان و میدیا» ناتوانێت ناسنامەی خۆی بپارێزێت. دامەزراندنی گۆڤار و ڕۆژنامەکان لەو سەردەمە کورتەدا، تەنیا بۆ گواستنەوەی هەواڵ نەبوو، بەڵکو بۆ دروستکردنی «ڕای گشتی» (Public Opinion) بوو. چاپخانە لە سەردەمی کۆماردا تەنیا ئامرازی چاپکردن نەبوو، بەڵکو «کارگەی زمانسازی» بوو. بۆ یەکەمجار زمانی کوردی لە زمانێکی ئاخاوتنی ناوچەییەوە بوو بە زمانی «سیاسەت، ئەدەب و زانست».

ئەم گۆڕانکارییە زمانەوانییە، شۆڕشێکی واتایی گەورە بوو. کاتێک زمان دەبێتە زمانی کارگێڕی، عەقڵی کۆمەڵگەکەش مۆدێرن دەبێت. کۆمار فێری کردین کە زمان تەنیا ئامرازی ئاخاوتن نییە، بەڵکو قەڵای پاراستنی ناسنامەیە. گۆڤارەکانی وەک «نیشتمان» و «کوردستان» بوونە مینبەری دروستکردنی هوشیارییەک کە وای کرد نەوەکانی دواتر، کتێب و پێنووس وەک بەشێکی دانەبڕاو لە خەباتەکەیان ببینن. ئەمە ئەو شوێنەیە کە تێیدا «وشە» دەبێتە بڕبڕەپشتی نەتەوەسازی.

٣. تەلارسازی و ئۆربانیزم؛ سیمای شار و فەزای گشتی



٢ی ڕێبەندان تەنیا لاپەڕەیەکی مێژوو نییە بۆ یادی ساڵانە. بەڵکو بەرپرسیارێتییەکی بەردەوامە. کۆمار سەلماندی کە کورد دەتوانێت خاوەنی مۆدێلێکی بەڕێوەبردنی پێشکەوتوو بێت کە تێیدا «یاسا، زمان، شار و پەروەردە» چوارچێوەی ژیان دیاری دەکەن. ئەگەر ئەمڕۆ کورد خاوەنی گوتارێکی مۆدێرنە بۆ دیموکراسی، ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ١١ مانگەی کە تێیدا فێربووین چۆن وەک نەتەوەیەکی خاوەن شارستانییەت بیر بکەینەوە. کۆمار بۆ ئێمە مانای «توانین» بوو؛ توانینی بوون بە نەتەوەیەکی مۆدێرن لە سەردەمێکی پڕ لە تەپوتۆزی جەنگ و تاریکیدا. پاراستنی ئەم میراتە، بە تەنیا بە گێڕانەوەی مێژوو نابێت، بەڵکو بە درێژەدانە بەو ڕێڕەوە مۆدێرنەی کە مۆمی

مۆدێرنیتە لە جەوهەردا دیاردەیەکی شارییە. کۆماری کوردستان لە مەهاباد هەوڵی دا سیمای شار بگۆڕێت. بایەخدان بە پاکوخاوێنی، ڕێکخستنی شارەوانی و دروستکردنی دامەزراوەی خزمەتگوزاری، تەنیا کارێکی ئیداری نەبوو، بەڵکو نیشانەی ئەوە بوو کە کورد دەیەوێت ژیانێکی شارستانی و پێشکەوتووی هەبێت.

لێرەدا شار تەنیا شوێنی نیشتەجێبوون نەبوو، بەڵکو بوو بە شانۆی نمایشی مۆدێرنیتە. دروستکردنی «فەزای گشتی» کە تێیدا خەڵک بۆ بڕیاردان و چالاکی کولتووری کۆدەبوونەوە، نیشانەی گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی بوو. مەهاباد وەک پایتەختی ئەم مۆدێرنیتەیە، بوو بە بنەمایەک بۆ ئەوەی کە دواتر لە هەموو جوڵانەوەکانی کوردستاندا، «شار» وەک سەنتەری گۆڕانکاری و مۆدێرنیتە سەیر بکرێت. مۆدێرنیتەی کۆمار لە ناو شەقامەکانەوە دەستی پێکرد، نەک تەنیا لە ناو کۆشکەکاندا؛ ئەوە «شۆڕشی هاووڵاتییانی شارنشین» بوو بۆ سەلماندنی توانای خۆبەڕێوەبەری.

٤. پەروەردە و ژن؛ کارگەی دروستکردنی مرۆڤی نوێ

گرنگترین میراتی مۆدێرنیتەی کۆمار، لە سیستەمی پەروەردە و گۆڕینی پێگەی ژندا خۆی دەبینێتەوە. ناچارکردنی خوێندن بە زمانی دایک و گرنگیدان بە پەروەردەی کچان، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوو لە ناو دڵی کۆمەڵگەیەکی تەقلیدیدا. کۆمار تێگەیشتبوو کە مۆدێرنیتە بەبێ «ڕزگاریی فیکر» و «بەشداریی ژن» نابێتە هۆی بەختەوەریی نەتەوە.

کردنەوەی قوتابخانەکان تەنیا بۆ فێربوونی ئەلفوبێ نەبوو، بەڵکو بۆ تێکشکاندنی ئەو دیوارە فیکرییانە بوو کە ساڵانێکی درێژ تاکی کوردیان لە جیهانی دەرەوە دابڕیبوو. مۆدێرنیتەی کۆمار لێرەدا ڕوویەکی مرۆیی و یەکسانیخوازی هەبوو، کە تێیدا «زانست» بوو بە پێوەری پێشکەوتن نەک پلە و پایەی عەشایەری.

٥. کۆمار وەک پرۆژەیەکی فیکریی ناتەواو

ئەمڕۆ کە سەیری مێژوو دەکەین، دەبینین کۆماری کوردستان تەنیا ئەزموونێکی حوکمڕانیی کورتخایەن نەبوو، بەڵکو «مانیفێستۆی مۆدێرنیتەی کوردی» بوو. ئەو چەخماخەی لە ٢ی ڕێبەنداندا لێ درا، ڕێگەی بۆ گەنجانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵات خۆش کرد کە لە بوارەکانی هونەر، ئەدەب و زانستدا پێشەنگ بن.

کۆمار پێمان دەڵێت کە ڕزگاریی خاک بەبێ گەشەی کولتووری و مۆدێرنیزەکردنی عەقڵ، تەنیا گۆڕینی ستەمکارێکە بە ستەمکارێکی تر. مۆدێرنیتەی کۆمار مۆدێرنیتەیەکی «خۆماڵی» بوو؛ واتە لە ناو دڵی کلتووری کوردییەوە و بە بەکارهێنانی ئامرازە جیهانییەکان بونیاد نرا. ئەمە ئەو وانە گەورەیەیە کە دەبێت بۆ نەوەی نوێ بگوێزرێتەوە.

کۆتایی: میراتێک بۆ داهاتوو

لە کۆتاییدا، ٢ی ڕێبەندان تەنیا لاپەڕەیەکی مێژوو نییە بۆ یادی ساڵانە، بەڵکو بەرپرسیارێتییەکی بەردەوامە. کۆمار سەلماندی کە کورد دەتوانێت خاوەنی مۆدێلێکی بەڕێوەبردنی پێشکەوتوو بێت کە تێیدا «یاسا، زمان، شار و پەروەردە» چوارچێوەی ژیان دیاری دەکەن. ئەگەر ئەمڕۆ کورد خاوەنی گوتارێکی مۆدێرنە بۆ دیموکراسی، ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ١١ مانگەی کە تێیدا فێربووین چۆن وەک نەتەوەیەکی خاوەن شارستانییەت بیر بکەینەوە. کۆمار بۆ ئێمە مانای «توانین» بوو؛ توانینی بوون بە نەتەوەیەکی مۆدێرن لە سەردەمێکی پڕ لە تەپوتۆزی جەنگ و تاریکیدا. پاراستنی ئەم میراتە، بە تەنیا بە گێڕانەوەی مێژوو نابێت، بەڵکو بە درێژەدانە بەو ڕێڕەوە مۆدێرنەی کە مۆمی یەکەمی لە مەهاباد داگیرسا.

# سیاسەتی دەستبەسەرداگرتنی ناڕەزاییەکان و کایە لەگەڵ ناو، درووشم و شۆڕش





**ئارەزوو کەمانگەر**

**لەم ساڵانەی دواییدا لە ئێران ئەوەی ئەمڕۆ لە خودی ناڕەزایەتییەکان یەکلاکەرەوەترە، جۆری لێکدانەوەی ناڕەزایەتییەکانە، شەڕێکی بێدەنگ بەڵام یەکلاکەرەوە ساز بووە لەسەر مانا و ناو و گێڕانەوە. ئەم شەڕە، پێش ئەوەی لە نێوان حکومەت و خۆپیشاندەران ڕووبدات، لەناو هێزەکانی**

لەم ساڵانەی دواییدا لە ئێران ئەوەی ئەمڕۆ لە خودی ناڕەزایەتییەکان یەکلاکەرەوەترە، جۆری لێکدانەوەی ناڕەزایەتییەکانە، شەڕێکی بێدەنگ بەڵام یەکلاکەرەوە ساز بووە لەسەر مانا و ناو و گێڕانەوە. ئەم شەڕە، پێش ئەوەی لە نێوان حکومەت و خۆپیشاندەران ڕوویدات، لەناو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و میدیا و خودی بزووتنەوە سیاسییەکان ڕوویداوە. کاتێک کە وشەکان بە جێگەی ئەوەیکە ببنە ئامرازێک بۆ گێڕانەوەی ڕاستییەکان، بوونەتە ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵ و دەستبەسەرداگرتن و دووبارەپێناسەکردنەوەی ئەو ناڕەزایەتییانە. هەر لەبەر ئەمەشە کە گۆڕینی وشەگەلێک وەکوو: لە "شۆڕش" بۆ "بزووتنەوە"، "ژینا" بۆ "مەهسا"، "ژن، ژیان، ئازادی" بۆ "زن، زندگی، آزادی" و "ڕاپەڕینی سەندیکاکان" بۆ "شۆڕشی نەتەوەیی (انقلاب ملی ایرانیان)"، گۆڕینێکی ڕواڵەتی و ئاسایی نییە بەڵکو ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە سیاسەتی دەسەڵاتێکی دیاریکراو.

وشەی "شۆڕش" یەکێکە لە قوربانییە یەکەمەکانی ئەم شەڕە گێڕانەوەیە. لە نەریتی زانستی سیاسی و کۆمەڵناسیدا، شۆڕش چەمکێکی دەقیق، جددی، دەگمەن و فرەتێچووە. شۆڕش تەنیا بە مانای ناڕەزایەتی بەربڵاو یان تەنانەت ڕووخاندنی حکومەتێک نییە؛ بەڵکو وەختێکە کە نەزمی سیاسیی ئارایی، توانای بەرهەمهێنانەوەی خۆی لەدەست دەدات و هێزێکی کۆمەڵایەتی توانای ئەوە بەدەست دێنێت کە نەک هەر نکۆڵی لە نەزمە سیاسییەکە بکات بەڵکوو ئاسۆی نەزمێکی دیکەش بهێنێتەوە ناو مەیدانەکە. تەنانەت ئەگەر ئەو نەزمەش نەزمێکی فرەچەشن و نیوەچڵ بێت. شۆڕش پێویستی بە درز و کەلێن لە نێو دامودەزگاکانی دەسەڵات و قەیرانی هێژموونی و پێکهێنانی خەیاڵێکی بەکۆمەڵ سەبارەت بە «دوای ئەمە» هەیە (باوەڕی بەکۆمەڵ بەوەیکە ئەو نیزامە دەبێ لە بن بێت). هەر لەبەر ئەمەشە کە زۆرێک لە ڕاپەڕینە مێژووییە گەورەکان، سەرەڕای تێچووی قورس و کوشتاری بەربڵاو، هەرگیز نەبوونە شۆڕش، لە کاتێکدا هەندێک لە شۆڕشەکان لە ساتەوەختی ڕوودانیاندا تەنانەت لە ڕوانگەی شەقامیشەوە بێدەنگ بوون.

بەڵام لە کەشوهەوای سیاسی ئەمڕۆی ئێراندا، شۆڕش بووەتە وشەیەکی بەکارهێنراو؛ لەیبلێک کە بە مەبەستی گەورەنوێنی، کۆکردنەوەی سۆزداری و ڕاکێشانی هەست و سۆز، یان شەرعیەتدانی سیاسی بە هەر ناڕەزایەتییەکی جەماوەرییەوە، دەبەسترێتەوە. ئەم جۆرە لە بەکارهێنان و بەلاڕێبردنانەی چەمکەکان، لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی قڕۆڵکردنی واتای ڕاستەقینەی شۆڕش و ئەگەری شیکاری ورد و دەقیق لەناو دەبات. کاتێک هەرجۆرە ڕاپەڕینێک بە شۆڕش ناو دەبرێت لێرەدایە کە تووشی سەرلێشێواوی دەبین و جیاوازی نێوان بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕاپەڕینی ناڕەزایەتی و شۆڕش بۆمان دەرناخرێت.

لەو چوارچێوەیەدا شۆڕشی ژینا جێگەیەکی تایبەتی هەیە. ئەوەی بە کوشتنی ژینا ئەمینی دەستی پێکرد تەنها کاردانەوەیەک نەبوو بەرامبەر بە تاوانێک، بەڵکو تەقینەوەی ئەو هەستە ناڕازییەی خەڵک بوو کە دەمێک بوو پەنگی خواردبووەوە،بازبوونی دەمی برینێک بوو کە پێنج دەیەیە لە سەر جەستەی ئەو خەڵکەوە هەڵکەنرابوو،ئەو تەقینەوە تەقینەوەی کۆمەڵێک لە چەوساندنەوە بوو ؛ چەوساندنەوەی ڕەگەزی، چەوساندنەوەی نەوەکان، چەوساندنەوەی چینایەتی و لە هەمووی گرنگتر ستەمی نەتەوەیی. شۆڕشی "ژینا" لە یەکەم ڕۆژەکاندا نوێنەرایەتی ئەم چەند لایەیەی دەکرد. ژینا ناوێکی کوردییە و بوونی لە ناوەندی گێڕانەوەدا، بە ناچاری، پرسی کورد و پەراوێزخراوبوونی و پەیوەندیی ناوەند–پەراوێزی هێنایە ئاراوە. ئەم ناوە ڕێگەی نەدەدا کوشتنەکە لە «هەڵەیەکی تاکەکەسی» یان «ڕووداوێکی بەڕێکەوت»دا کورت بکرێتەوە؛ بەڵکو ئەم بابەتەی هێنا و لە ناوەڕاستی دڵی پێکهاتەیەکی مێژوویی لە هەڵاواردندا داینا. ڕێک لێرە و لەم نوکتەدایە کە گۆڕینی وردە وردە بەڵام یەکلاکەرەوەی ناوی ژینا بۆ "مەهسا" بە شێوەیەکی بەرنامەداڕێژراو و موهەندسی کراو،گرنگیی پەیدا دەکات. ئەم گۆڕانکارییە نە بەرهەمی کەمتەرخەمی زمانەوانی بوو و نە لە ژێر سێبەر و بیانووی ناوی ناسنامەیی و فەرمیی مەهسا لە «ثبت احوال» بوو.

مەهسا ناوێکی فارسی بوو کە بەو بیانووە ناوەندگەراکان توانیان دەستی بەسەردا بگرن و لە کچێکی کوردەوە بۆ کچێکی ئێرانی و لە پەراوێزەوە بۆ ناوەند بیگوازنەوە و لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا کەڵکی لێوەربگرن. بەم گۆڕانکارییە، کوشتنی کچێکی کورد بوو بە مردنی "کچێکی ئێرانی". هەرچەندە ئەم گۆڕانکارییە هاوسۆزی گشتی زیاد دەکات، بەڵام تێچووەکەی،لابردنی بەشێکی گەورە لە حەقیقەتەکەیە. لێرەدا گۆڕینی ناو بە واتای گۆڕینی بەشێک لە کێشەکان و نکۆڵی کردن لە ستەمی نەتەوەیی و سڕینەوەی نەتەوە بندەستەکانە.

ڕەنگە بە ڕواڵەت گۆڕینی ناو یان بەکارهێنای ناوی فەرمیی و فارسیەکەی»ژینا» لە لایەن ناوەندگەراکان و لە میدیا فارسەکاندا شتێکی سەیر و سەمەرە نەبێ و بە شتێکی لاوەکیش بەهەژمار بێت بەڵام کە پەردەت لە سەر ئەو بابەتە لادا و وەکوو کەسێکی سیاسیی سەیری ئەو شتەت کرد چیدیکە هەست دەکەی گۆڕینی ئەو ناوە دەستی پیسی پاوانخواز و گشتخوازە ئێرانییەکانی تێدایە کە جگە لە نەتەوەی فارس نەتەوەکانی دیکە نابینێت و بە کەمینە و قەوم و جیاییخواز ناوزەدیان دەکا و دان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی دیکەدا نانێت.

لەم نێوانەشدا ڕۆڵی میدیا لە چەسپاندنی ئەم گۆڕانکارییە، یەکلاکەرەوە بوو. میدیای زمانی فارسی لە تاراوگە و چالاکوانانی بەناوبانگ و تۆڕە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان بە بەردەوامی دووبارەکردنەوەی "مەهسا" و وەلانانی "ژینا"، ستانداردێکی زمانەوانی نوێیان دروستکرد. ئەم ستانداردە لە ناکاو و بەڕێکەوت نەبوو؛ لەگەڵ گێڕانەوەیەکدا یەکدەگرێتەوە کە هەوڵی دەدا بزووتنەوەکە بە بزووتنەوەیەکی گشتگیر، مللی و دوور لە پرسی فرە نەتەوەیی نیشان بدات. میدیا لێرەدا تەنیا واقعەکانی ڕوماڵ نەدەکرد بەڵکوو موهەندسیشی دەکرد. دەستی دەخستە نێو وشەکان و بە سەلیقەی سیاسیی خۆی هەندێ دروشمی زەق دەکردەوە، هەندێکی دادەپۆشی و تەنانەت وشەکانیشی جێگۆڕکێ پێدەکرد.لە گفتوگۆکانیشدا ئەم سەلیقەیە ئەگونجاند.

واز لە وشەکان بێنین و بێینە سەر درووشمەکان،سەرنجتان دەخەمە سەر درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی". ئەم دروشمە تەنیا لەپاڵیەکدانانی سێ وشە نییە؛ ئەمە چڕکراوەی مێژوویەکی دیاریکراوی خەباتە لە کوردستان. ئەم دروشمە لە ئەزموونی ژنانی کوردەوە سەریهەڵدا، لەگەڵ خۆڕێکخستن،خۆڕاگری و ڕەخنەیەکی بنەڕەتی لە دەوڵەت–نەتەوەییەوە تێکەڵ ببوو و هەڵگری مانایەکە کە بەبێ ئەو بەستێنە، ناتەواو دەبێت. وەرگێڕانی بە «زن، زندگی، آزادی»، لە کاتێکدا بە ڕواڵەت بێ زیان و تەنانەت ئەرێنی بوو، بەڵام لە پراکتیکدا جۆرێک لە پاڵاوتنی سیاسی بوو. وەرگێڕانەکە قورسایی مێژوویی و جوگرافیای خۆی لە دروشمەکە سەندەوە و گۆڕی بۆ دەستەواژەیەکی جوانیناسی و گشتگیر و کەم مەترسی، دروشمێک کە زۆر ڕاحەت هاوارت پێدەکرد بەبێ ئەوەی دان بە ڕەگ و ڕیشە ڕادیکاڵ و کوردایەتیەکەیدا بنێیت و بە بێ ئەوەی کەس بزانێت، فلتەرێکی مانایی لە سەری دانرا. ئینجا دەستکەوت لەمە باشتر بۆ ناوەندگەرا؟؟؟

لە چوارچێوەیەکی وەهادا ناونانی سەندیکای کرێکارانی بازاڕ و ناڕەزایەتییە ئابوورییەکان بە "شۆڕش" یان "بزووتنەوەی مللی ئێرانییەکان" مانایەکی ڕوونتر وەردەگرێت. ئەم ناڕەزایەتیانە هەرچەندە بەربڵاو و تێچووی زۆری لێکەوتەوە و بەدەیان هەزار کەس بە دەستی ڕەشی جەلادانی کۆماری ئیسلامی خوێنیان ڕژا و شەقام و کۆڵانەکان ڕووباری خوێنیان لێ درووست بوو، بەڵام وەکوو خۆی ڕاپەڕینێکی چینایەتی بوو، واتە تایبەت بوو بە چینێکەوە. داواکارییەکانیان لە دەوری سیاسەتی ئابووری،گرانی، هەڵاوسان و بژێوی داڕێژرابوو و داواکارییەکانیان ئابووریی بوو. هەرچەند زۆری پێنەچو درووشمەکان ماهییەتی ڕادیکاڵانەی بەخۆیەوە گرت و بنەماکانی ڕژیمی کردە ئامانج.

بەڵام بەوەشە ناتوانین ناوی شۆڕشی لێبنین و هەروەک ئاماژەم پێدا با تێچوویشی زۆر بێت و کوشتار و ترس و سەرکوتەکەش زیاد بێ.

...بۆ ل١١

# کۆمەڵە و شار؛ دیالێکتیکی شاخ و شەقام

دوارۆژ



لە مێژووی زۆربەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکاندا، هەمیشە جۆرێک لە دابڕان یان مەودای فیزیکی و فیکری لە نێوان «شاخ» وەک ناوەندی هێزی چەکدار و «شار» وەک ناوەندی ژیانی مەدەنی هەبووە. زۆرینەی حیزبەکان شارەکان تەنیا وەک شوێنی دابینکردنی پێداویستی یان ناوەندی پڕوپاگەندە دەبینن. بەڵام کاتێک باس لە مێژووی کۆمەڵە دەکەین، ئەم هاوکێشەیە بە تەواوی دەگۆڕێت. کۆمەڵە توانی پردێکی پۆڵایین لە نێوان خەباتی چەکداری و بزووتنەوەی مەدەنیدا دروست بکات، بە شێوەیەک کە شار ببێتە پشتێنەی پارێزەری شاخ و شاخیش ببێتە دەنگی کپکراوی شەقامەکان.

ڕۆڵی کۆمەڵە لە شارەکاندا تەنیا لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە (١٩٧٩) دەستی پێ نەکرد، بەڵکو بەرهەمی ساڵانێک ڕێکخستنی نهێنی بوو لە ناو دڵی گەڕەکە هەژارنشینەکان و لە ناو قەوارەی یەکێتییە کرێکارییەکاندا. کاتێک دەسەڵاتی پاشایەتی ڕووخا و بۆشاییەکی ئیداری دروست بوو، کۆمەڵە نەکەوتە ناو کێبڕکێی کورسی و دەسەڵاتی تەقلیدییەوە، بەڵکو مۆدێلێکی نوێی لە دەسەڵاتداری پێشکەش کرد: «ئەنجومەنی شۆڕاکان».

پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنانە و بنکەکانی گەڕەک لە شارەکانی وەک سنە، مەهاباد، و سەقز، گەورەترین تاقیکردنەوەی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ بوو لە مێژووی ناوچەکەدا. کۆمەڵە لەو سەردەمەدا فێری کردین کە شار تەنیا شوێنی نیشتەجێبوون نییە، بەڵکو مەیدانی بڕیاردانە. ڕێکخستنی مانگرتنە گشتییەکان و ئەو کۆچە مێژووییەی مەریوان کە وەک دەرسێکی مەدەنی لە مێژوودا تۆمار کرا، نیشانەی ئەو پەیوەندییە قووڵە بوو. کۆمەڵە لە شاردا تەنیا «حیزب» نەبوو، بەڵکو ڕۆڵی ڕێکخەری ژیانی ڕۆژانە و پارێزەری کەرامەتی شارنشینانی دەگێڕا لە بەرانبەر هەرەشە دەرەکییەکاندا.

خاڵی جەوهەریی کە کۆمەڵە لە ڕێکخراوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، تێگەیشتن و پەیڕەوکردنی چەمکی «سیاسەتی جەماوەری»یە. ئەمە بەو مانایەیە کە شۆڕش موڵکی تاقمێکی بژاردەی چەکدار یان چەند فەرماندەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی گشتییە کە دەبێت هەموو تاکێکی کۆمەڵگە تێیدا بەشدار بێت. کۆمەڵە توانی سیاسەت لە ژوورە داخراوەکان و دیوەخانەکانەوە بهێنێتە سەر سەکۆی گەڕەکەکان و مەزراکان.

ئەم قوتابخانەیە پێی وایە کە «هوشیاری» چەکی هەرە کاریگەرە. هەر بۆیە، کاتێک گوشارە ئەمنییەکان لەسەر شارەکان زیاد بوون و ڕژێم هەوڵی دا دەنگی ئازادی کپ بکات، کۆمەڵە نەک هەر لاواز نەبوو، بەڵکو شێوازی خەباتی گۆڕی بۆ «ڕێکخستنی نهێنیی تۆڕیی». ئەمڕۆ کە دەبینین گەنجانی ناوخۆ بەوپەڕی زیرەکییەوە مانگرتنی سەرتاسەری ڕادەگەیەنن یان لە ناوخۆدا تۆڕی هوشیاری و یارمەتیدانی یەکتر دروست دەکەن، ئەمە ڕێک درێژکراوەی ئەو «سیاسەتە جەماوەرییە»یە کە کۆمەڵە وەک میراتێکی سیاسی بۆی جێ هێشتوون. کۆمەڵە فێری کردین کە پێشمەرگە تەنیا ئەوە نییە لە شاخە، بەڵکو هەر کەسێک لە شاردا دژی ستەم دەوەستێتەوە، پێشمەرگەیەکی مەدەنییە.

لێرەدا پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە: چۆن کۆمەڵە توانیویەتی لە ناو دڵی نەوەیەکدا بمێنێتەوە کە نە سەردەمی شۆڕشی بینیوە و نە ڕێبەرانی وەک کاک فوئادی ناسیوە؟ وەڵامەکە لە «هاوچەرخبوونی پەیامەکەیدا»یە. کۆمەڵە هەمیشە دەستی خستووەتە سەر ئەو بابەتانەی کە گەنجی ئەمڕۆی کوردستان وەک پێویستییەکی ژیانی دەیانبینێت: ئازادیی تاکەکەسی، ژینگەی سالم، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافی نەتەوایەتی بەبێ دەمارگیریی ڕەگەزی.

پەیوەندیی کۆمەڵە و بزووتنەوە مەدەنییەکان (وەک چالاکانی ژینگەیی، بزووتنەوەی ژنان، و یەکێتییە خوێندکارییەکان) پەیوەندییەکی ئەندامی و زیندووە. ئەمڕۆ شارەکانی کوردستان بوونەتە قەڵایەک کە تێیدا فیکری کۆمەڵە وەک وزەیەکی بزوێنەر کار دەکات. لە هەر دروشمێکی سەر دیوارەکاندا، لە هەر مانگرتنێکی بازاڕدا و لە هەر کۆبوونەوەیەکی مەدەنییدا، شوێنپەنجەی ئەو فێرکارییانە دەبینرێت کە جەخت لەسەر «هێزی ڕێکخراوی گەل» دەکەنەوە. کۆمەڵە سەلماندی کە شار تەنیا قوربانی نییە، بەڵکو داینەمۆی گۆڕانکارییە.

بۆ هەموو ئەو کەسانەی ئەمڕۆ لە ناو جەرگەی مەیدانەکاندا ڕاوەستاون، ٢٦ی ڕێبەندان تەنیا یادکردنەوەی ڕووداوێکی مێژوویی نییە، بەڵکو دووپاتکردنەوەی ئەو ڕاستییە سیاسییە کورتەیە: «شۆڕش لە شارەوە دەست پێ دەکات، لە شاخدا دەپارێزرێت و لە شاردا بە ئامانج دەگات.» کۆمەڵە بەم مێژووە دەوڵەمەندەیەوە سەلماندوویەتی کە هیچ سوپایەکی داگیرکەر ناتوانێت بەسەر فیکرێکدا سەربکەوێت کە لە ناو دڵی خەڵکدا ڕەگی داکوتاوە. ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە «ناڕەزایەتی مەدەنی» بووەتە چەکێکی کاریگەرتر لە هەر کەرەستەیەکی سەربازی، و ئەمەش ڕێک ئەو ڕێبازە جەماوەرییەیە کە کۆمەڵە لە ٢٦ی ڕێبەندانەوە وەک مانیفێستی خۆی هەڵیبژاردووە.

درێژەی لاپەڕەی ٩

# ٨٠ ساڵ دوای کۆماری کوردستان....



بزووتنەوەیەک کە بۆ ڕزگاریی خۆی هەوڵ ئەدا ناتوانێ هاندەری ڕوانگەی دیلکردن و یەخسیرکردنی گەلانی تر بێ،هەر بۆیە بزووتنەوەی کورد، لەسەراسەری ئێراندا بزووتنەوەیەکی خۆشەویستە، بزووتنەوەیەکە خەڵک بەڕێزەوە لێی دەڕوانن و، لەم بارەوە بۆ نموونە کاتێک کۆمەڵە هاتووەتە نێو خەباتی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای ساڵی ١٣٥٧ ئەم خسڵەت و تایبەتمەندییانە زۆرتر پەرەی سەندووە، ڕۆڵی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستاندا دەتوانین بڵێین مۆدێڕنتر، ئینسانیتر، ئازادیخوازانەتر و یەکسانی خوزانەتری کردووە و پەرەی پێداوە لە دونیای مۆدێڕنی ئەمڕۆدا مانایەکی تری پێ بەخشیوە.

کۆماری کوردستان بە داخەوە تێکشکا، بەڵام ئەوەیکە ئەیبینین دوای ٨٠ساڵ تا ئێستا بزووتنەوەی کورد، لە باری جوغرافیای سیاسیەوە، زۆر هەوراز و نشێوی هەیە و ناکرێ بەیەکیان بەراورد بکەین. لە ماوەی ئەم ٨٠ساڵە لە قوربانیدان و شەڕ و کار و چالاکی و تایبەتمەندیی پێشکەوتنخوازانە و ڕۆڵی ژنان لە کوردستان و لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و لە نێو حیزبە سیاسیەکاندا زۆر گۆڕاوە و زۆر زیاتر بەرچاوە . بۆ ئەم مەبەستە دەتوانی اماژە بە سۆرشی مەزنی ژن ژیان ئازادی بکەین کە ژنان زۆر ڕۆڵی سەرەکیان لە شۆرشەکەدا هەبوو. بە دڵنیاییەوە لەداهاتووشدا ئێمە لەگەڵ بزووتنەوەیەکی زۆر بەهێزتری ژنان لە چاو ڕابردوو بەرەوروو دەبین و ، ئاستی تێگەیشتووی و وشیاری نەتەوەیی لە کۆمەڵگادا و زانا بوون و تێگەیشتووی لەسەر زمانی کوردی، لەسەر مێژووی کورد و،بە گشتی لەسەر هەموو ئەوانە زۆر زیاتر پەرەی سەندووەو پەرەش دەستێنێ.

ئەمرۆ بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لەهەر کاتێک بەهێزتر، پڕ ناوەرۆکتر و وشیارتر و پرزانیاریتر و پێداگرترە لە سەر خواستەکانی. ڕێبەرانی نوێی خولّقاندووە، ناو و ناوبانگیانی بە جیهاندا بڵاوکردووەتەوە و کردوونی بە کەسایەتی جیهانی. تێکۆشەرانێکی یەکجار زۆر لە سەرتاسەری کوردستان بەشداری ئەم بزووتنەوەیە بوون، حیزبی نوێ دەستیان بەکار کردووە کە کۆمەڵە یەکێک لەوانەیە.

کۆمار کارێکی گەورەی کرد، بناغەیەکی باشی داڕشت، دەستکەوتێکی گەورەی بۆ ئێمە بەجێهێشت، ئێمەش ئەرکدار و بەرپرسیارین، نەک ئەوەی کە بی پیرۆزێنین، نەک ئەوەی بە بەژن و باڵایاندا هەڵدەین، نەک ئەوەی لەبیری بکەین کە لە چ کات و ساتێکی مێژووییداین، بەڵکوو بۆ ئەوەی لەسەر سەکۆی کۆمار ڕاوەستین بۆ ئەوەی دەستکەوتی زۆرتر و هێزی گەورەتر بخوڵقێنین ئێستاش ئێمە وەک کۆمەڵە کە باس لە دامەزراندنی کۆمەڵە لە ٥٠ ساڵی ڕابردوودا دەکەین، حەقی خۆیەتی نەوەی نوێ و جیلی ئێستا و داهاتووی کۆمەڵە لەوە زۆرتر بچینە پێشەوە و هەوڵ بدەین خۆمان لەگەڵ دنیای نوێ و دنیای مۆدێڕن ڕێکبخەین بۆ ئەوەی بتوانین لەوان دووا نەکەوین. دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی هەروەک چۆن دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی هەلێکی زێڕین بۆ خەڵکی کوردستان هاتەئاراوە، ئەم جارەش زیاتر لە پێشوو هەلێکی گەورەتر دەخوڵقێ. هەروەک چۆن دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی شاری سنە بووبە ناوەندی ئەم بزاڤە و، زۆر جار قسەی یەکەمی کردووە و مێژوویەکی پڕ دەستکەوتی بووە، دەوری داهاتوو ئیلام و کرماشان هەمان ڕۆڵ و پێگە پەیدا دەکەن. ئێمەیش وەک کۆمەڵەی زەحمەتکێشان ئەبێ بە پێشوازی ئەم دۆخەوە بچین و کاری بۆ بکەین، نابێ خەیاڵمان ئاسوودە بێ کە گۆڕانکارییەکان خۆیان ڕوودەدەن و دەچنە پێشەوە، ڕۆڵی زانست، ڕۆڵی کەسە زاناکان ڕۆڵی پێشکەوتووان و کادرەکانی حیزبی سیاسی، گرینگی خۆی هەیە، دەبێ ئەم ئەرکە مێژووییەی خۆمان بناسین.

# ژن، ژیان، ئازادی؛ ڕەگ و ڕیشەیەک لە ناو هەناوی کۆمەڵەدا




**ڕامیار سەرحەدی**

کاتێک ئەمڕۆ دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» وەک بانگێکی جیهانی بۆ ڕزگاری لە سنوورەکان دەپەڕێتەوە و وەک فەلسەفەیەکی نوێی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرهەڵدەدات، بۆ مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمە تەنیا دەنگدانەوەی ڕووداوێکی کاتیی نییە؛ بەڵکو ئەم دروشمە گوزارشتە لە چەندین دەیە خەباتی بەردەوامی هێزە پێشکەوتنخوازەکان کە «کۆمەڵە» لە ڕیزی پێشەوەی ئەو مێژووەدا ڕاوەستاوە. ئەگەر «ژینا» بوو بە سیمبولی ئەم ڕاپەڕینە جیهانییە، ئەوا کۆمەڵە ساڵانێکی دوور و مەودا پێش ئێستا، پرسی ژنی لە پەراوێزی بێدەنگیی مێژووەوە هێنایە ناو ناوەندی بڕیاردانی سیاسی و سەربازی.

کۆمەڵە هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە، تێگەیشتنی بۆ ئازادیی گەلی کورد تەنیا لە ڕزگاریی خاکدا کورت نەدەکردەوە. ڕوانگەی کۆمەڵە ئەوە بوو کە نەتەوەیەک نیوەکەی لەژێر ستەمی ناوخۆیی و کۆمەڵایەتیدا بێت، هەرگیز ناتوانێت بە نیوەکەی تری بگاتە کەناری ڕزگاریی ڕاستەقینە. لەو سەردەمەدا کە کۆمەڵگەی کوردی لەژێر تەوژمی سوننەت و پیاوسالارییەکی تونددا بوو، کۆمەڵە بە بوێرییەکی مێژووییەوە دەرگای سەنگەرەکانی بۆ ژنان واڵا کرد.

ئەمە تەنیا هەنگاوێکی سیمبولی نەبوو، بەڵکو شکاندنی گەورەترین تابۆی کۆمەڵایەتی بوو. بۆ یەکەمجار، ژنی کورد تەنیا وەک «پشتیوان» یان «خزمەتگوزار»ی ناو ماڵ و شۆڕش نەبینرا، بەڵکو وەک «هاوڕێ» و «پێشمەرگە» چەکی کردە شان و شانبەشانی پیاوان لە سەختترین شەڕەکاندا بەشداری کرد. ئەمە پەیامێکی ڕوون بوو بۆ کۆمەڵگە: ژن خاوەنی ئیرادەی سەربەخۆی خۆیەتی و هیچ جیاوازییەک لە نێوان توانای مرۆیی ژن و پیاودا نییە کاتێک مەسەلەکە ڕزگاریی نیشتمان بێت.

ڕۆڵی کۆمەڵە لەوەدا زەق دەبێتەوە کە تەنیا ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو، بەڵکو وەک «قوتابخانەیەکی گەورەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی» کاری دەکرد. لەناو ڕیزەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا، پرۆسەی پێگەیاندنی ژنان تەنیا لە مەشق و ڕاهێنانی سەربازیدا کورت نەدەبووەوە؛ بەڵکو ژنان فێری خوێندن و نووسین، دیالۆگی فیکری، و تیۆرییە سیاسییەکان دەکران. کۆمەڵە بڕوای وابوو کە ژنی چەکدار ئەگەر هوشیاریی سیاسی نەبێت، ناتوانێت گۆڕانکاری لە عەقڵیەتی کۆمەڵگەدا دروست بکات.

یەکسانیی جێندەری لە دیدگای کۆمەڵەوە، نەک وەک چاولێکەرییەکی ڕۆژئاوایی، بەڵکو وەک زەروورەتێکی ڕزگاریخوازیی کوردستانی مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. ئەو ژنانەی لەم قوتابخانەیەدا پێگەیشتن، دواتر بوونە پێشەنگی بزووتنەوە مەدەنییەکان و پەروەردەکردنی نەوەیەک کە ئەمڕۆ لە شەقامەکانی سنە، مەهاباد و سەقزدا، بێ باکانە ڕووبەڕووی ستەم دەبنەوە. ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێت، درووێنەی ئەو تۆوەیە کە کۆمەڵە لە ساڵانی شەستەکانی هەتاویدا لە خاکی کوردستاندا چاندی.

پەیامی کۆمەڵە لەم چوارچێوەیەدا هەمیشە ڕاشکاو بووە: ژن «پاڵپشت» نییە، بەڵکو «ئەکتەری سەرەکی»یە. کۆمەڵە ڕێگەی دا ژنان بگەنە ئاستی سەرکردایەتی و بڕیار لەسەر چارەنووسی بزووتنەوەکە بدەن. ئەم مۆدێلە لە خەبات، متمانەیەکی ئەوتۆی بە ژنی کورد بەخشی کە چیتر خۆی وەک بونەوەرێکی پلە دوو نەبینێت. کاتێک دەبینین لە ڕاپەڕینی ژینادا، ژنان نەک هەر بەشدارن، بەڵکو ڕێبەرایەتی شەقام دەکەن، دەبێت بزانین ئەمە بەرهەمی مێژوویەکە کە تێیدا کۆمەڵە پێداگری دەکرد کە «هیچ شۆڕشێک بەبێ بەشداریی کارای ژنان سەرکەوتوو نابێت».

٢٦ی ڕێبەندان، تەنیا یادکردنەوەی ڕابردوو نییە، بەڵکو بەرز ڕاگرتنی ئەو بەها مرۆیی و پێشکەوتنخوازانەیە کە کۆمەڵە هێنایە کایەوە. ئەمڕۆ کە «ژن، ژیان، ئازادی» هەموو جیهانی داگرتووە، ئەرکی ئێمەیە تیشک بخەینە سەر ئەوەی کە ئەم دروشمە ڕیشەی لەو خوێن و ماندووبوونەدا هەیە کە ژنانی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە پێناویدا تێکۆشان.

پاراستنی ئەم میراتە و گەیاندنی بە نەوەی نوێ، ئەرکێکی نەتەوەیی و فیکرییە. بۆ گەنجی ئێستا، تێگەیشتن لە ڕۆڵی کۆمەڵە لە پرسی ژندا، واتە تێگەیشتن لەوەی کە ئازادیی کوردستان بەبێ ئازادیی ژن، تەنیا سەرابێکە و هیچی تر. ٢٦ی ڕێبەندان جەژنی ئەو هوشیارییە نوێیەیە کە تێیدا ژن و پیاو، وەک دوو هاوڕێی یەکسان، بەرەو ئاسۆی ڕزگاری هەنگاو دەنێن.

## سیاسەتی دەستبەسەرداگرتنی ناڕەزاییەکان و....

دریژەی لاپەڕەی ٩

بۆچی لە میدیا فارسییەکانی دەرەوە وڵات بەتایبەتی لە گوتاری پەهلەوییەکاندا ئەم ڕاپەڕینەیان بە شۆڕش ناودەبرد و درووشمەکانی تایبەت بە ڕەزا پەهلەویان بۆڵد دەکردەوە بە جۆرێک کە چما تواو ئێران بە هەموو نەتەوەکان و چین و توێژەکانیەوە پاشایەتیخوازن؟

دەبێت بڵێین ناوهێنانی ئەم ناڕەزایەتییە بە شۆڕش بەهرەیەکی سیاسی هەبوو: هەم قورسایی خۆی زیاد کرد و هەم بزووتنەوەی ژینای لە نێوان زنجیرەیەک "ڕاپەڕینی نەتەوەیی"دا دەتواندەوە و هەمیش تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ژینای دەسڕییەوە.

جەریانی پەهلەوی دەیەوێ چەند شت لەم ڕاپەڕینەدا بکاتە ئامانج:

١-هەوڵ دەدا یەکنەتەوەیی جێبخات

٢-مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەکانی دیکە زەوت دەکات بۆیە دەرگا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ستەمی نەتەوەیی بە هەموو شیوەیەک چ فیدرالیزم، سەربەخۆیی، خودموختاری و...هتد دادەخات.

٣-ئەو کەلێنە و بێ ناوییەی کە لە شۆڕشی ژینادا بە پەهلەوییەوە دیار بوو هەوڵ دەدا پڕی کاتەوە و خۆی بە تاقە ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری و ڕێبەری ئێرانێکی یەکپارچە پێناسە دەکات

٤-بەشداریکردنی بەرینی شارە ناوەندەکان و کوژرانی دەیان هەزار کەسی لەو شارانە،بوو بە هەلێک بۆ پەهلەوی و بە تەمایە بە نەفعی خۆی بیقۆزێتەوە.

کە وابوو وەرگێڕانی دروشمەکان و گۆڕینی ناو و بانگکردنی ڕاپەڕینەکانی سەندیکاکان وەک شۆڕش هەموویان خزمەت بە مەترەحکردنی دووبارەی ناوەند دەکەن و ئەمە هەوڵێکە بۆ بنیاتنانی داهاتوویەک بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی پرسی فرەچەشنی و چەوساندنەوەی پێکهاتەیی و ساختاری بێتەوە. بەراوردکردنی بزووتنەوەی ژینا لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی بازاڕدا، جیاوازییەکی زۆرتر دەخاتە ڕوو.

ژینا بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕزگاریخوازانە و قووڵی سیاسی بوو کە جەستە و شوناس و زمان و پەیوەندی تاک بە دەسەڵاتەوە دەخستە ژێر پرسیارەوە. بنکەکەی، ژن و لاو و خەڵکی پەراوێزخراو بوو و خواستی ئەوان نە چاکسازی بەڵکوو لە ریشەهاتنی ئەو نیزامە بوو. لەبەرامبەردا ناڕەزایەتییەکانی بازاڕ، هەرچەندە ڕەوا و قابلی بەرگری بوو بەڵام لە چاو شۆڕشی ژینا ئاسۆی داخوازییەکانیان سنووردارتر بوو و لە بواری رادیکاڵییشەوە نزمتر بوو. ئەم جیاوازییە جیاوازیی ماهییەتی سیاسی و توانای گۆڕانکارییە.

لە کۆتاییدا یەکێک لە هەڵە هەرە مەترسیدارەکان بریتییە لە بەستنەوەی ئاستی توندوتیژی و کوشتن و سەرکوت بە ئینقلابی بوونی بزووتنەوەیەک. مەرج نییە توندوتیژی زیاتر نیشانەی ڕادیکالیزم یان شەرعیەتی گەورەتر بێت. کوشتن، زیاتر لە هەموو شتێک، ئاوێنەی ماهیەتی دەوڵەت و شێوازی حوکمڕانییەکەیەتی. هەندێک جار دەوڵەت بۆ ڕێگریکردن لە بەرەوپێش چوونی ناڕەزاییەکان، بۆ ترساندن، یان نیشاندانی دەسەڵات، خێراتر و توندوتیژتر سەرکوت دەکات. شەرعیەتی شۆڕش لە ئاسۆی ڕزگاریخوازی و توانای ڕێکخستن و ئەگەری بنیاتنانی نەزمێکی ترەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لە ژمارەی قوربانییەکان.

ئەوەی ئەمڕۆ ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، تەنیا پرسی ناولێنان لە بزووتنەوەکان نییە، بەڵکو پرسی داهاتووی سیاسەتە لە ئێراندا. ئەگەر ڕێگە بدەین دەست بەسەر ناو و دروشم و چەمکەکاندا بگیرێت، تەنانەت ئەگەر بە ڕووکەش نەزمی سیاسیش بگۆڕدرێت، مەترسی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەمان ستەمەکان هەر دەمێنێتەوە. دەسەڵات، پێش ئەوەی لە دامەزراوەکاندا جێگیر بێت، جێگەی خۆی لە گێڕانەوەکاندا و لە ناوەکاندا دەدۆزێتەوە.

**کەواتە وەرگرتنەوەی چەمکەکان ئەرکێکی ئەکادیمی نییە، بەڵکو کردەوەیەکی سیاسییە.**

Dwaroj

سەرنووسەر:
عەزیز ئاجیکەند
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی

Dwaroj@komala.com

بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی www.komala.com بکەن
پەیوەندی dwaroj.net

# دانانی سپای پاسداران لە لیستی تیرۆریستی و قۆناغی کۆتایی قەیرانی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی






چیمەن جەوانروودی

بڕیاری نوێی یەکێتی ئەورووپا بۆ دانانی سپای پاسداران ئینقلاب ئیسلامی لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، خاڵێکی گۆڕانکاری گرنگە لە مامەڵەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا . ئەم هەنگاوە تەنیا جوڵەیەکی نمادی نییە، بەڵکو نیشانەی چوونی سیستەمی سیاسیی ئێرانە بۆ قۆناغێکی نوێ لە قەیرانی ڕەوایی، کارامەیی و مانەوەی. ئەگەر چی، یەکێتی ئەورووپا سەرەڕای زانیارییەکی تەواو سەبارەت بە ڕۆڵی بنەڕەتی سپای پاسداران لە سەرکوتی ناوخۆیی، ئۆپەراسیۆنە دەرەوەییەکان و نائاسایی مەنتەقەیی، خۆی دوور دەگرت، لە دانانی سپای پاسداران لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان.

هۆکاری سەرەکی ئەم خۆ لادانە، نفووزی فراوانی سپا بوو لە ناو ساختەی سیاسی، ئابووری و ئەمنی کۆماری ئیسلامیدا، نفووزێک کە لیستکردنی سپا وەک تێپەڕینی هێڵی سورەی «ناوەندی ڕەقی دەسەڵات» دادەنرا.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: بۆچی لە ئێستادا ئەم هێڵە سورە شکێندراوە؟

**مەنتقی بڕیاری ئەورووپا لە مماشات بۆ ڕووبەڕووبوون لە سیاسەتی نێودەوڵەتی:**

بڕیارەکان زۆربەی جار نە لەسەر بنەمای هۆشیاری ئەخلاقی، بەڵکو لەسەر بنەمای سوودە ئەمنی و ستراتیژییەکان وەردەگیران.

مافەکانی مرۆڤ تەنها ئەو کاتە دەبنە ئەولەویەت کە پەیوەندییان بە سەقامگیری سیاسی، ئەمنیەتی مەنتەقەیی یان سوودە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتانەوە هەبێت. بڕیاری دوایین یەکێتی ئەورووپا هەروەها لە هەمان چوارچێوەدا تێدەگەڕێت.

ئەگەرچی ئەمریکا ساڵانێک پێشتر سپای پاسدارانی لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دانابوو، بەڵام ئەورووپا تا نزیکەی ئێستا ستراتیژی هۆشیارموحافزەکاری و مماشات پەیڕەو دەکرد. تەنانەت دوای دەستپێکردنی جەنگی ئۆکرانیا و هاوکاریی درۆنەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕووسیا، وڵاتانی گرنگی ئەورووپا وەک ئەڵمانیا و فەڕەنسا هەوڵیان دا پەیوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ تاران بپارێزن. گریمانی سەرەکی ئەم سیاسەتە، هێشتنەوەی جۆرێک «جێگیرییەکی نزم» بوو لە ئێران؛ سەقامگیرییەک کە بتوانێت لە تێکشکانی کوتووپڕی!،کە دەبێت بە هۆی زۆر بوونی شەپۆلی پەنابەری ( نائاسایی سنوور تێپەڕان) خۆی دووربکاتەوە.

**تێکشکانی گریمانی سەقامگیری،**

کوشتنی بەر فراوان و بێڕەحمانەی خۆپیشاندەران لە هەژدە و نۆزدەی مانگی ڕەشەمە، ئەم فەرزەی بە شێوەیەکی بنەڕەتی تێکشکاند. سەرکوتی خوێناوی خۆپیشاندەران کە بە شێوەی ئاشتیخوازانە بوو، ئەم پەیامە ڕوونەی ڕاگەیاند

**بڕیاری نوێی یەکێتی ئەورووپا بۆ دانانی سپای پاسداران ئینقلاب ئیسلامی لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، خاڵێکی گۆڕانکاری گرنگە لە مامەڵەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا . ئەم هەنگاوەتەنیاجوڵەیەکی‌نمادی نییە، بەڵکو نیشانەی چوونی سیستەمی سیاسیی ئێرانە بۆ قۆناغێکی نوێ لە قەیرانی ڕەوایی، کارامەیی و مانەوەی. ئەگەر چی، یەکێتی ئەورووپا سەرەڕای زانیارییەکی تەواو سەبارەت بە ڕۆڵی بنەڕەتی سپای پاسداران لە سەرکوتی ناوخۆیی، ئۆپەراسیۆنە دەرەوەییەکان و نائاسایی مەنتەقەیی، خۆی دوور دەگرت، لە دانانی سپای پاسداران**

،کە بۆ چاودێران ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کە سیستەمی سیاسیی حاکم نەک تەنها ڕەوایی خۆی لەدەست داوە، بەڵکو توانایی دروستکردنەوەی سەقامگیری و حوکمڕانی کاریگەرشی نەماوە. حکومەتێک کە مانەوەی خۆی تەنیا بە فیشەک دڵنیا دەکات، لە مەنتقی سیاسەتی مۆدێرندا وەک سیستەمێکی ناپایدار و لە ڕێگای لەناوچوون دادەنرێت.

لەو بارودۆخەدا، دانانی سپای پاسداران لە لیست، نابێت وەک وەڵامێکی هەستیارانە ببینرێت، بەڵکو وەک ئەنجامی پێداچوونەوەیەکی ستراتیژیی ئەورووپا لە هەڵسەنگاندنی داهاتووی کۆماری ئیسلامی.

**ئەنجامەکانی تێکردنی سپا لە لیست دانانی سپای پاسداران لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، ئەنجامەکانی چەندئاستی هەیە:**

**یەکەم،** لە ئاستی دیپلۆماسیدا، ئەم بڕیارە بە شێوەیەکی فەرمی ڕێگای هەر جۆرە گفتوگۆیەکی کاریگەر لەنێوان کۆماری ئیسلامی و ڕۆژئاوا – لەوانە گفتوگۆ نێوەراستەکان لەنێوان ئێران و ئەمریکا – دادەخات. دیپلۆماسییەک کە پێشترش شکانراو بوو، ئێستا گەیشتووە بنبەست.

**دووەم،** لەئاستی دەرەوە—ئەمنیەتیدا، داخستنی دارایی و تۆڕە داراییەکانی سپا، پشتگیریی هێزە نیابەتییەکان و پڕۆژە هەرێمییەکانی کۆماری ئیسلامی بە قەیرانێکی توند ڕووبەڕوودەکاتەوە.

**سێیەم،**
لە ئاستی ناوخۆدا، ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆکاری توندکردنەوەی ڕق و تووڕەیی گشتی، بەهێزکردنی یەکگرتوویی خۆپیشاندەران و زیادبوونی ترس و بێباوەڕی لەنێوان فەرماندە پلەبەرزەکانی سپا. ترسی تێکچوونەوە، و مامەڵەکردن بۆ لەناوچوونی ڕژیم و لە ناو چوونی متمانەی ناوخۆیی (فەرماندە کانی خۆی))، ئەو شکافانە توندتر دەکات کە پێشترش بوونیان هەبوو. شکاف لە ناو جەستەی سپا ئیتر تەنیا گریمانەیەکی تیۆری نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەکردار و بەرفراوانە.

گۆڕانی هاوسەنگی هێز ودارمانی ناوەندی ڕەقی دەسەڵاتە

بەڵگەکان نیشان دەدەن کە ناوەندی سەرەکیی تێکۆشان لە ئێستادا، لەسەر گۆڕینی هاوسەنگی هێز چڕبووەتەوە

## دواستون

# تەپڵەکانی جەنگ و پاشەکشەی تاران؛ کورد لە کوێی ئەم هاوکێشەیەدایە؟

وەنەوشە سەقز

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵدایە کە ڕەنگە نەخشەی سیاسیی ناوچەکە بۆ چەندین دەیەی داهاتوو دیاری بکات. ئیدارەی نوێی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی ترەمپ، چیتر تەنها بە گەمارۆی ئابووری واز لە ئێران ناهێنێت، بەڵکوو هێزی سەربازیی وەک ئامرازێکی گوشار هێناوەتە ناو کایەکەوە. جێگیرکردنی کەشتییە فڕۆکەهەڵگرەکان و چڕکردنەوەی هێز لە دەریای عومان، پەیامێکی ڕوونە: «کۆتایی سەردەمی یارییە سێبەرەکان هاتووە».

ئێران ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر هەست بە مەترسیی ڕووخان دەکات. ئەم مەترسییە تەنها لە دەرەوە نییە، بەڵکوو ناوخۆی وڵاتەکە بەهۆی دارمانی ئابووری و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان وەک بورکانێکی ئامادە بۆ تەقینەوەیە. ڕژێم بۆ شاردنەوەی ئەم لرزینە ناوخۆییە، پەنای بۆ توندوتیژیی بێوێنە بردووە؛ لە سێدارەدانەکان زیادیان کردووە و گوشارەکان بۆ سەر زیندانیانی سیاسی، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەیشتوونەتە ئاستێکی مەترسیدار.

لەم نێوەندەدا، پرسی کورد جارێکی تر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ساتوسەودای زلهێزەکان. لە لایەکەوە ئەمریکا بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئێران پێویستی بە هاوپەیمانیی ناوچەیی هەیە، کە ئەمەش زۆرجار بە نرخی باجدان بە تورکیە تەواو دەبێت. هێرشەکانی ئەم دواییەی گرووپە توندڕەوەکان بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، نیشانەیەکی مەترسیداری ئەوەن کە بەرژەوەندییەکانی کورد جارێکی تر دەکرێنە قوربانیی «هاوسەنگیی هێز» لە نێوان واشنتۆن و ئەنقەرەدا.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕژێم بە کێشانی دیواری سنووری و بە ئەمنیترکردنی شارەکان، دەیەوێت پەیوەندیی نێوان پارچەکان بپچڕێنێت. بەڵام مانگرتنە گشتییەکان و یەکدەنگیی خەڵک نیشانی دا کە دیوارەکان ناتوانن ڕێگری لە ئیرادەی نەتەوەیی بگرن. دۆخی ئێستای ئێران دەرفەتێکی مێژووییە بۆ بزووتنەوەی کوردی، بە مەرجێک بتوانێت لە ڕێگەی یەکگرتوویی نێوان حیزبەکان و ڕێکخستنی ناوخۆیی، خۆی وەک ئەکتەرێکی سەرەکی لە «ئێرانی دوای ڕژێم» بسەلمێنێت.

کوردستان لە نێوان چەندین گەردەلوولی جیاوازدایە؛ لە لایەکەوە هەڕەشەی گرووپە توندڕەوەکان لە ڕۆژئاوا، لە لایەکی ترەوە بیانووەکانی دەوڵەتی ناوەند لە باشوور و سەرکوتی خوێناوی لە ڕۆژهەڵات. تەنها ڕێگەی دەربازبوون لەم قۆناغە، تێپەڕاندنی بەرژەوەندییە حیزبییە تەسکەکانە بەرەو خەباتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو. ئەگەر کورد لەم قۆناغەدا نەبێتە خاوەن بڕیاری خۆی، مەترسیی ئەوە هەیە لە نەخشە نوێیەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جارێکی تر بکرێتەوە بە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی تاران و ئەنقەرە